ئەکادیمیای کوردی

KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـارە (٦٠)　　٢٧٢٤ی کــوردی　　٢٠٢٤ی زایینــی

# گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی كـــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی



سەرۆكی ئەكادیمیای كوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن كەریم

سەرنووسەر:

پ.د. كاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس كاكل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژكاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. سالح ئاكین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# تاریک و ڕوونی ژیانی زانستی و پەروەردەییی نالی لە ئەستەنبوڵدا

**پ. ی. د. هێمن عومەر ئەحمەد**

زانکۆی سەلاحەدین-کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە
Hemin.o.ahmad@su.edu.krd

**پوختە:**
تا ئێستا لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، زۆر بە کەمی لە ڕێی بەڵگەنامەکانەوە سەرەداوی ژیانی شاعیرانی کورد ئاشکرا کراوە. نالی (؟-١٨٧٧/١١/٢٣ز) یەکێك لە شاعیرە پێشەنگەکانی شیعری کلاسیکیی کوردیی ناوەندییە، کە زیاتر لە سی ساڵی کۆتاییی ژیانی لە دووری وڵاتەکەی بە سەر بردووە. لەنێویشیدا بەشێك لە ژیانی لە ئەستەنبوڵ بووە. لە ماوەی ڕابردوودا توێژینەوەکان تەنیا بە ئاماژە باسیان لەوە کردووە کە ناوبراو چۆتە ئەستەنبوڵ و لەوێ مردووە، بەڵام وردەکارییەکانی ژیانی لەو شارەدا نەخراوەتە ڕوو. ئەم توێژینەوەیە بەناوی "تاریک و ڕوونی ژیانی زانستی و پەروەردەییی نالی لە ئەستەنبوڵدا" هەوڵی داوە بەوردی دەستنیشانی کاتی سەفەری یەکەمی نالی بۆ ئەستەنبوڵ، ماوەی مانەوەی، پەیوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، چالاکییە زانستی و پەروەردەییەکانی و پەیوەندیی بە شاعیر و کەسایەتییەکانی کورد لەو شارەدا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی نالی لە نێو ڕۆژنامەگەریی عوسمانی و لە دیدی کەسایەتییە کوردەکانی سەردەمی عوسمانی بەوردیی باس دەکات.

کلیلەوشە: نالی، کاربەدەستانی عوسمانی، کەسایەتییە کوردەکان لە ئەستەنبوڵ، ئەستەنبوڵ

**١-پێشەکی**

مێـژووی ژیانـی شـاعیرانی کـورد لـە تاراوگـەدا زۆر بەکەمـی لەسـەری نـووسراوە، تەنانـەت بەشـێك لـە شـاعیرانمان لـە سـەردەمی عوسـمانیدا بەهـۆی کۆمەڵێـك هـۆکارەوە زێـد و نیشـتمانی خۆیـان جـێ هێشـتووە و بـەرەو تاراوگـە سـەریان هەڵگرتـووە. هەندێکیـان لەوێـوە شـیعرەکانیان نێردراونەتـەوە نیشـتمان و هەندێکیشـیان دەسـتیان بـە شـیعر نووسـین بـە زمانـی تـر کـردووە و ئـەوەی لێیـان بەجـێ مـاوە دیوانـی شـیعرە بـە زمانـی تورکـی، فارسـی و عەرەبـی. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەشـێکیان بوونەتـە بـەردی بـن گـۆم و نـە نـاو و نـە شـوێنەواریان دەناسرێنـەوە.

لـەم سـاڵانەی دواییـدا لـە ڕێـی بەڵگەنامـە و دەستگەیشـتن بـە سـەرچاوە و ئەرشـیفخانەکانی وڵاتانـی دەوروبـەر، سـەرەداوی ژیانـی هەنـدێ لـە زانـا و شـاعیرانی کـورد دۆزراونەتـەوە، بـەو هۆیـەوە گۆڕانـکاری لـە بەشـێك لـە نووسـینەوەی مێـژووی ئەدەبـی ڕووی داوە، ئەمـەش دەرخـەری ئەوەیـە ئـەو هێنـدە شـیعرە کوردییانـەی شـاعیرانی کـورد کـە لەبـەر دەسـتی توێـژەر و خوێنەرانـن، بـەس نیـن بـۆ ئـەوەی دەرگا لەسـەر بەرهەمەکانیـان دابخەیـن و پێـمان وابـێ ئـەوان هـەر خاوەنـی ئەوەنـدە بەرهەمانـەن و بـەس! بەڵکـو هەوڵـدان و کنـە و پشـکنین لـە گەنجینـەی دەسـتخەت و ئەرشـیفخانەکان هێـدی هێـدی زانیاریـی ترمـان لەبـارەی ژیـان و بەرهەمـی ئـەو زانـا و شـاعیرانە بەدەسـت دەخـات.

نالـی (؟ -١٨٧٧/١١/٢٣ز) یەکێکـە لـەو شـاعیرانەی کـە لانـی کـەم سـی سـاڵی کۆتاییـی تەمەنـی لـە دەرەوەی کوردسـتان بەسـەر بـردووە، بـەو هۆیـەوە بەشـێکی دیـاری زانیـاری لەسـەر ئـەو ماوەیـە و تەنانـەت بەرهەمەکانیشـی هێشـتا بـە نادیاریـی ماونەتـەوە. ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵ دەدات سـەرەداوەکانی ژیانـی زانسـتی و پەروەردەییـی نالیـی شـاعیر لـە شـاری ئەسـتەنبوڵ بدۆزێتـەوە، ئەویـش لـە ڕێگـەی بەرهەمەکانییـەوە و پەیوەنـدی بـە بەرپرسـانی عوسـمانی و شـاعیر و کەسـایەتییە کوردەکانـی ئەوسـای نیشـتەجێی ئەسـتەنبوڵ.

ئـەوەی ئـەم توێژینەوەیـە لـە هـەوڵ و توێژینەوەکانـی تـری سـەر ژیـان و بەرهەمـی نالـی جیـا دەکاتـەوە، ئەوەیـە؛ لـە ڕێـی دەسـتخەتی زانایانـی ئەوسـا و چەنـد بەڵگەنامەیەکـی عوسـمانی لەبـارەی ژیانـی کەسـایەتییەکانی سـەردەمی عوسـمانیدا، مـاوەی مانـەوەی نالـی لـە کۆتاییەکانـی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەم ئاشـکرا دەکات و لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە پشـت بەسـتن بـە چەنـد بەڵگەنامەیـەك هەنـدێ بۆچوونـی پێشـوو ڕەت دەکاتـەوە و لـەو ڕێگەیـەوە بەدڵنیاییـەوە تیشـك دەخاتـە سـەر پەیوەندییەکانـی نالـی چ لەگـەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی عوسـمانی و چ لەگـەڵ شـاعیر و کەسـایەتییە کوردەکانـی نیشـتەجێی ئـەو شـارەدا. هەروەهـا تیشـك دەخاتـە سـەر قۆناغـی دووەمـی ژیانـی نالـی لـەو شـارەدا و نـاو و کاریگەریـی نالـی دوای مردنەکـەی لـە دیـدی چەنـد کەسـایەتییەکی کـوردی سـەردەمی عوسـمانی، وێـڕای ئەمـەش هـەر ئـەو کاریگەرییـە و زیندوویێتییـەی نالـی، وای کـردووە تیشـك بخرێتـە سـەر نـاوی و بەرهەمەکانـی لـە چەنـد ڕۆژنامـە و گۆڤارێکـی کـوردی لـە سـەردەمی عوسـمانیدا.

**٢-نالییەکانی نێو ئەرشیڤی عوسمانی لە ئەستەنبوڵدا**

زۆر جـار گومـان دەخرێتـە سـەر نالیـی کـوردی بـەوەی کـە بـۆی هەیـە ئـەوەی لـەم بەڵگەنامانـەدا نـاوی دێـت، نالیـی کـورد نەبێـت، وێـڕای ئـەوەی ئەمـە گومانێکـی نادروسـتە، چونکـە لـە هەمـوو ئـەو بەڵگەنامانـەی کـە سـەبارەت بـە نالیـن، نـاوی نالـی بـە خـضر نالـی، خەڵکـی شـارەزوور و خەڵکـی سـلێمانی هاتـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـۆ ئـەوەی ڕوونـتر ببێتـەوە، تیشـکێکیش دەخەینـە سـەر ئـەو نالییانـەی نێـو ئەرشـیڤی عوسـمانی:

أ-نالیی سەدەی شازدەهەمی میلادی

ئـەم نالییـە شـاعیرێکی سـەردەمی سـوڵتان مـورادی سـێیەم بـووە، بـە بۆنـەی چوونـە سـەر تەختـی پاشـایەتیی سـوڵتان مـورادی سـێیەمەوە، جلووسـنامەیەکی بـە شـیعر بـۆ نووسـیوە و (ئەوەنـدەی ئێمـە ئاگاداربیـن ئـەم جلووسـنامەیە هێشـتا لەنێـو توێژەرانـی تورکـدا باسـی لێـوە نەکـراوە) و لەنێـو بەڵگەنامەکانـی ئەرشـیڤخانەی عوسـمانیدا دەبیـنرێ، کـە تێیـدا بـە شـیعر پەسـنی سـوڵتانی داوە و لـە کۆتاییـدا تەخەللوسـی خـۆی هێناوەتـەوە، لـە شـیعرێکیان بـە سـەرەوای (ل) بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هێناویەتـی:

**بشـد پژمـرده بـاغ عمـر نالـی از غـم گـردون**
**چـه باشـد گـر رسـد از ابـر لطفـت سرورا وابـل**

لە شیعرێکی تریشدا بە سەرواى (ر) هاتووە:

**نالــی از بهــر تــو خواهــد از خـدا عمـر دراز**
**و از بــرای دشــمنانت محنــت و عمــر قصیــر**

لـە پارچەیەکـی تریشـدا مێـژووی نووسـینەکەی بـە شـێوەی حیسـابی ئەبجـەدی نووسـیوە:

**گفــت تاریــخ جلوســش بــر سر ســلطنت**
**نالــی بیچــاره والا ســلطنت ســلطان مــراد**

(TS_MA_E_0359_0024_001)

بەڵگەنامەکــە مێــژووی ٩٨٤/١٢/٢٩ ی کۆچــی لەســەر نــووسراوە، کــە دەکاتــە بەرامبــەر ١٥٧٧/٣/٢٩ز.

ئــەوەی ئـەم نالییــە لـە نالیـی تـر جیادەکاتـەوە، دەقـی شـیعرەکانی بــە زمانــی فارسـییە و لــە نازنــاو بــترازێ نــاوی خــۆی دیارنییــە.

ب-محەمەد نالی ئەفەندیی قۆنیەوی

ئــەم زانــا و شــاعیرە خەڵکــی قۆنیــەی تورکیایــە و ســاڵی ١٠٨٥ی کۆچـی (١٦٧٤ز) لـە شـاری سـەلانیك کۆچـی دوایـی کـردووە. دیوانێکـی مورەتتـەب و کتێبـی "تحفـة الامثـال"ی بـە شـیعر و "مناسـك حـج"ی هەیـە. لـە سـاڵی ١٠٨٢ی کۆچـی (١٦٧١ز) و لــە کۆتاییــی کتێبــی تحفــة الامثالــدا کــە شــیعری تورکیـن، وەهـا نـاوی خـۆی هێنـاوە:

**نالیــا حاصلــی تحفــەك بــی شــك**
**فــرق تحقیــق مجازیــده محــك**
**دیـدی تاریـخ ایچـون اخـوان صفـا**
**نــه عجــب تحفــهء دلکــش حقــا**

(بروسەلی، ١٣٣٣، ٤٤٦)

**٣-نالی لە ئەستەنبوڵدا**

مانـەوەی نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ، هێشـتا جێـی گەنگەشـەیەکی زۆری توێژەرانـە، بەتـەواوی نازانرێـت کـەی و چەنـد سـاڵ لـە ئەسـتەنبوڵ ماوەتـەوە، ئەوەنـدە هەیـە چەنـد سـەرەداوێکی مانەوەکــەی بەگوێــرەی هەنــدێ بەڵگەنامــە دەبینرێــن، لــە کاتێکـدا پەیوەندیـی ئـەو لەگـەڵ ئەحمـەد پاشـای بابـان و پەیوەنـدی لەگــەڵ کاربەدەســتانی عوســمانی و شــاعیران و کەسـایەتییەکانی کـورد لـەو شـارەدا، دەبنـە نیشـانەی ئـەوەی کــە نالــی ماوەیــەك لــەو شــارەدا مابێتــەوە. لــە خــوارەوە هــەوڵ دەدەیــن چەنــد ســەرەداوێك دەستنیشــان بکەیــن:

**٣-١ پەیوەندیــی نالــی بــە کاربەدەســتانی عوســمانی لــە ئەســتەنبوڵدا:**

ئەگــەر چــی لــە ڕێــی شــیعرە کوردییەکانــی نالییــەوە (ئــەوەی تــا ئێســتا چــاپ کــراون)، ســەرەداوێکی ئەوتــۆی پەیوەندیــی نالــی بــە کاربەدەســتانی عوســمانی نابیــنرێ، تەنانــەت ئەوانەیشــی شرۆڤــەی شــیعری نالییــان کــردووە، لـە چامەکـەی نالـی بـۆ سـالم وایـان نیشـان داوە، کـە نالـی لەبـەر دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان نایـەوێ بگەڕێتـەوە سـلێمانی، کەچـی چ ئەسـتەنبوڵ، چ شـام و چ حیجـاز هەرسـێکیان لەبـن دەسـەڵاتی عوسـمانییەکانن. بۆیـە بارودۆخـی سـلێمانی لـەو سـێ شـوێنانەی بـاس کـران زۆر جیاوازتـرە و بەشـێك لـە زانایـان و میرانـی کـورد لـە هەمـان سـەردەمدا لـە پایتەختـی دەوڵەتـی عوسـمانیدا کاربەدەسـتن، نالیـی ئەگـەر هۆکارێکـی نەهاتنـەوەی بـۆ سـلێمانیی پەیوەندیـی بـە هاتنـی لەشـکری عوســمانییەوە بــێ بــۆ شــارەکە، ئــەوا هــۆکاری تــری وەك ململانێـی میرەکانـی بابـان و دواکەوتوویـی گـەل و تەڤلیهەڤـی و بازاڕشـێواوی شـار و دەڤەرەکەیـە وای کـردووە کـە نەیـەوێ بگەڕێتـەوە. لـەو نێوانـەدا ئـەو سـێ شـوێنانەی کـە نالـی تێیـدا ماوەتــەوە بریتیــن لــە؛ شــام، ئەســتەنبوڵ و حیجــاز، ئــەوەی پەیوەندیـی نالییـە بـە کاربەدەسـتانی عوسـمانی، زیاتـر لـە ئەسـتەنبوڵ خـۆی دەبینێتـەوە، بەتایبەتـی ئـەو کاربەدەستانەی کاریـان لـە پایتەخـت بـووە نـەك لـە ویلایەتەکانـی وەك شـام و حیجـاز.

**٣-١-١ نالــی و ئەحمــەد کەمالــی وەزیــری مەکاتییــی عوموومــی (١٨٠٨-١٨٨٧ز)**

هەبوونــی پەیوەندیــی نالــی بــە وەزیرێکــی دەوڵەتــی عوسـمانی، واتـای زۆر هەڵدەگـرێ، بەتایبەتـی لـە سـەردەمێکدا نالــی لــە غەریبیدایــە و لــە نێــو پایتەختــی دەوڵەتــی عوســمانیدا ئــەو پەیوەندییــە بەتینــە، لــە لایــەك نیشــانەی کەسـایەتیی بـەرزی زانسـتی و باڵادەسـتیی نالییـە لـە زمـان و ئەدەبیـات و لـە لایەکـی تـر نیشـانەی نـاسراوی و هەبوونـی پەیوەندییـە بـە بەرپرسـان تـا ئاسـان بگاتـە کەسـانی پلەبـەرز. لـە سـەروبەندی کۆتاییـی هاتنـی ئەمارەتـی بابـان، مەلایەکـی

کوردی خەڵکی شارەزووری وەك مەلا خدری نالی، لەنێو جەرگەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ببێتە کەسێکی نزیکی وەزیرێك، ئەمە نەك هەر سەلمێنەریی پایەی بڵندی نالییە، بەڵکو زانستدۆستیی وەزیرە عوسمانییەکەش دەسەلمێنێ، کە دەبێتە دۆستی زانا و ئەدیبێکی گەورەی کورد. بێگومان ئەم پەیوەندییەش لە خۆوە دروست نەبووە. ئەحمەد کەمال هەر لە هەرەتی گەنجییەوە حەزی بۆ ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەبووە، شیعرەکانی بە زمانی عەرەبی و فارسی، سەرنجی بەرپرسانی باڵای حکومی ڕاکێشابوو، بەرهەمێکی فارسی وەك بژاردەی شانامە پێشکەشی سوڵتان مەحموود کرد، ئەمە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو کە لە بەشی نهێنیی ئیدارەی دەوڵەت ببێتە نووسەر و وەرگێڕ (835-37677.BOA). فارسیزانی و عەرەبیزانییە نایابەکەی نالییش وای کردووە لەو ڕێیەوە ئەحمەد کەمال، ناوی نالی بیست بێت لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە دەکرێ بەهۆی کەسایەتییە کوردەکانی ئەو سەردەمی ئەستەنبوڵیش ئەو پەیوەندییە دروست بووبێت.

ئاشکرابوونی ئەم پەیوەندییە لە ڕێی دەستخەتی "مناظر الانشاء"وەیە کە نالی شرۆڤە و سەرنج و تێبینی لەسەر نووسیوە، ئامادەکردنی ئەو بەرهەمەیشی لەسەر داوای ئەحمەد کەمالی وەزیری مەکاتبی عوموومییەی دەوڵەتی عوسمانی بووە. کە خۆی لە پێشەکی و کۆتاییی بەرهەمەکەدا ئاماژەی پێ کردووە.

لە پێشەکییەکەدا نالی نووسیویەتی: وبعد فیقول المفتقر الی مولی الموالی (خضر السلیمانی المعروف بنالی)، انە قد امرنی بعض اجلة الجلیة من الامناء النظار فی احتمایە الدولة العلیة الموسوم بکمال الشرف نسبا و نقبا، المعلوم بشرف الکمال حسبا و لقبا، المنظور المنسوب الی النظارة، الملحوظ المنصوب علی استکمال المکاتیب باشارة الدولة و الدولة الاشارة...... دوای سوپاس و ستایش هەژاری بێ دەسەڵات و ئاتاج بۆ سەرداری سەرداران کە خودایە، خزری سلێمانییەیی کە ناسراوە بە نالی، یەکێك لە پایەدار و مەزنانی ئەمیندار و وەزیران لە پەناگەی دەوڵەتی پایەبڵندی عوسمانی کە ناوی کەمالە، لە ڕاستیدا کەمالی شەرەف بووە لە ڕووی نەسەبەوە و شەرەفی کەمال بووە لە ڕووی حەسەب و لەقەبەوە، مەبەستیش ئەو ناظر و وەزیرەیە کە کاروباری مەکاتیبەکان بە فەرمانی دەوڵەت و دەوڵەتی فەرماندانەوە ڕێك دەخات، ئەو کەڵە زانای نێو زانایان و دەریای لەنێوبەری نەزانی و خراپییە. ئینجا دێرە شیعرێکی بە عەرەبی لە پەسنیدا دەنووسێت و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەحمەد کەمال ئەفەندی فەرمانی پێ کردووە کتێبی مناظر الانشاء پوخت بکاتەوە و ڕاڤەی شیعرەکانیشی بە فارسی بکات. ئەم گوتنەی نالی ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە پەیوەندیی نێوان نالی و ئەحمەد کەمال ئەوەندە خۆش بووە کە فەرمان بە نالی بکات، بە دووری نازانین کە ئەم وەزیرە کتێبەکەی بە دەرس لای نالی خوێندبێ و دوای سەرسامبوون پێی، فەرمانی کردووە کە ڕێکوپێکتر پوختەی بکاتەوە و ڕاڤەی شیعرەکان بکات. لە لایەکی تریشەوە دەرخەری ئەوەیە ئەحمەد کەمال، فارسی و عەرەبییەکی باشی زانیوە و بەو هۆیەوە سەرسامیی زانایییەکەی نالی بووە و کتێبەکەیشی وەك پێویستییەك زانیوە بۆ کاتیبانی دەرباری دەوڵەتی عوسمانی کە چۆن بەو هۆیەوە فێری هونەری داڕشتن و نامەنووسین بن.

وا دیارە دەستخەتەکە بە دەستی کاتبێك نووسراوەتەوە کە لە کۆتاییدا نووسیویەتی: تمام شد کتاب مناظر الانشاء بعون اللە القدیر علی ما یشاء حسب الفرمودە بندگان سنی المرتبة والمکان، کثیر البر والامتنان زیور مجموعەء هنر وکمال همای اوج بزرگی واقبال ناظر بی نظیر مکاتیب معارف عمومیة السید احمد کمال افندی دام معالیە کە جنبا فاضل کامل خضر افندی الشهیر بنالی السلیمانیەیی باسم سامی ایشان شرح نمودە است، وبسرانگشت هنر نقاب اختفا از چهرە شواهد عباراتش گشودە. وحررە العبد الاقل سلیمان بتاریخ سال ١٢٦٦ هجری (١٨٤٩-١٨٥٠ز). (گاوان، دەستخەت، ١٠٤)

ئەم نووسینەی کۆتاییی دەستخەتەکە، زۆر لایەنی تاریکی نالیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەم ئەحمەد کەمال ئەفەندییە کە وەزیری مەکتەباتی عوموومی بووە، فەرمانی بە نالی کردووە کە

ئـەم شـەرحە بـكات، بۆیـە لەسـەر ڕاسـپاردەی ئـەو، نالـی ئـەو كارەی كـردووە، كەواتـە لانـی كـەم یەكتریـان ناسـیوە و نالـی پەیوەندیـی لەگـەڵ هەبـووە.

دووەم: ئـەم كاتبـە كـە نـاوی سـلێمانە، وا دیـارە یەكێـك بـووە لـە خەتخۆشـەكان و نوسـخەی نالی بـە خەتێكی خـۆش نووسـیوەتەوە، ئەنجـا نوسـخەی خەتخۆشـییەكەی بـۆ وەزیـر نـاردووە. كەواتـە هـەر لـەو ساڵەدا كـە نالی لـە خـۆ بۆتـەوە، نووسـەرەوەش دەسـتخەتەكەی بـۆ وەزیـر نووسـیوەتەوە.

سـێیەم: ساڵی نووسـینەوەكە ١٢٦٦ی كۆچییـە، كـە دەكاتـە بەرامبـەر مانگێـك و چەنـد ڕۆژێـك لـە سـاڵی ١٨٤٩ و ئـەوەی تـر دەكەوێتـە سـاڵی ١٨٥٠ی زایینـی.

چـوارەم: شـوێنی نووسـینەوە و شـوێنی وەرگێڕانەكـەی نالـی، ئەسـتەنبوڵ بـووە، چونكـە زۆر ڕێـی تێناچـێ لەسـەر داوای وەزیـر لـە شـام، یـان لـە كوردسـتان ئـەم كارە كرابـێ و وەرگێـر و وەزیـر یەكتریـان نەدیبـێ.

پێنجـەم: دوای وردبوونەوەمـان لـە دیوانـی كاتـب، كـە سـلێمان كاتبـی خەڵكـی سـلێمانی و نزیـك لـە عـارف حیكمـەت (١٧٨٦-١٨٥٩ز) بـە دەسـتی خـۆی نووسـیوەتەوە و ئـەم دەسـتخەتەیش هـەر سـلێمان نووسـیویەتیەوە. زۆر نزیكـە كـە ئەمـەش هـەر كاتبـی شـاعیر بووبـێ، چونكـە ئـەو سـەردەمە وێڕای ئـەوەی عـارف حیكمـەت خـۆی شێخولئیسـلام بـووە، لـە هەمـان كاتیشـدا كاتبیـش لـەو سـاڵەدا لەژیـان بـووە و لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە.

ئـەوەی لێـرەدا پێویسـت بـوو بەدواداچوونـی بـۆ بكەیـن، وردبوونـەوە بـوو لـە ژیاننامـەی ئەحمـەد كەمـال ئەفەنـدی (١٨٠٨-١٨٨٧ز)، بـۆ ئـەوەی لانـی كـەم بزانیـن چ كاتێـك لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە و چ كاتێـك وەزیـری مەكاتیـب بـووە، بـۆ ئـەوەی بۆمـان دیـار بێـت كـە لـەو سـەردەمەدا نالییـش لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە. دوای گـەڕان بۆمـان دەركـەوت كـە ئەحمـەد كەمـال ئەفەنـدی لـە ئەركـی فەرمانبەریـدا لەنێـوان سـاڵانی (١٨٢٥-١٨٨٧ز) زیـاد لـە ٣٥ پلەوپایـەی جیاوازیـی حكومـی لـە زۆر شـار و شـوێنی جیـاوازدا بینیـوە، كـە لەنێوانیانـدا چەنـد جارێـك وەزیـری مەعارفـی عوموومـی بـووە. جـا ئـەوەی یارمەتیـی ئێمـەی دا بـۆ دۆزینـەوەی بەرپرسـیارییەتی ئـەو كاتـەی ئەحمـەد كەمـال بریتـی بـوو لـە دەسـتخەتی مناظـر الانشـائی نوسـخەی كتێبخانـەی سـلیمانیەی ئەسـتەنبوڵ، كـە ئامـاژەی بـە مێژووەكـە داوە، ئەویـش سـاڵی ١٢٦٦ی كۆچـی كـە زیاتـر دەكاتـە بەرامبـەر ١٨٥٠ی زایینـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا پایـەی ئەحمـەد كەمالـی بـە ناظـری مەكاتیبـی مەعاریفـی عوموومییـە هێنـاوە، لـە كاتێكـدا پێشـتر ئـەو جارێـك موعاویـن و جارێكـی تـر مودیـری مەكاتیبـی عومومـی بـووە. كاتێكیـش لـە سـەربوردەی كاری ئـەم وەزیـرە سـەرنج دەدەیـن، دەبینیـن لـە نێـوان (١٨٤٨/٧/١١-١٨٥٤/٦/١٩ز) ناظیـری مەكاتیبـی عوموومییـە بـووە. و دواتـر لەنێـوان (١٨٥٤-١٨٥٧) بۆتـە سـەفیری عوسـمانییەكان لـە بەرلیـن و پاشـان لـە ١٨٥٧-١٨٥٩ بـۆ سـنووری قـەرەداغ- بۆسـنە نێـردراوە و پاشـان زۆر پلەوپایـەی جیاوازتـری وەرگرتـووە. لـە لایەكـی تـرەوە ئـەم وەزیـرە پێشـتر تێكەڵـی كـوردان بـووە، بەتایبـەت شـازدە مانـگ لـە مـاوەی نێـوان (١٨٤٣/١٢/١٤-١٨٤٥/٥/١٣ز) بـە نوێنـەری دەوڵەتـی عوسـمانی نێردراوەتـە دیاربەكـر، جزیـرە و مووسـڵ بـۆ چارەسـەركردنی ململانێیەكانـی نێـوان كـورد و هۆزەكانـی تەییـاری و نەسـتوورییەكان، بەتایبەتـی بەهـۆی ئـەوەوە ئـەو نەسـتوورییانەی لـە لایـەن بەدرخانییەكانـەوە گیرابـوون ئـازاد دەكرێـن (Bardak,2020,52).

ئـەوەی لێـرەدا بـۆ ئێمـە گرنگـە، ئەوەیـە بەپێـی ژیاننامـەی فەرمانبەریـی ئەحمـەد كەمالـەوە، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، كـە نالـی لـە نێـوان سـاڵانی ١٨٤٨-١٨٥٢ لـە ئەحمـەد كەمـال نزیـك بـووە، ئـەو كاتـەی ناوبـراو وەزیـری مەكاتیبـی عوموومییـە بـووە. لەمـەوە دەردەكەوێـت لـەم چـوار ساڵەدا بەدڵنیاییـی نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ ژیـاوە، چونكـە ئەمـە زیاتـر ڕێـی تێدەچـێ نـەك نالـی لـە شـام بووبـێ و ئـەم پەیوەندییـەش وەهـا خـورت بووبێـت. لـە لایەكـی تریشـەوە پێـش ئـەم مێـژووەش خـودی نووسـینی كتێبـی "بعض فوائد عقلیـە و نقلیـە" و تەسـلیمكردنی بـە نەقیبولئەشراف ئەسـعەد ئەفەنـدی لـە سـاڵی ١٨٤٧ نیشـانەی ئەوەیـە كـە نالـی ئەگـەر حەجـی كردبـێ یـان نەیكردبـێ، یەكەمیـن وێسـتگەی ژیانـی لـە دەرەوەی كوردسـتان، ئەسـتەنبوڵ بـووە. دواتریـش بەپێـی بۆچوونەكـەی خۆدزكـۆ ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە لـە سـاڵی ١٨٥٣-١٨٥٤ نالـی لـە شـام بـووە(١).

**٣-١-٢ نالی و نەقیبولئەشراف ئەسعەد ئەفەندی**

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە نالی یەکەمین کتێبی خۆی لە ساڵی ١٨٤٧ داوەتە دەستی نەقیبولئەشراف ئەسعەد ئەفەندی تا لەو ڕێیەوە بیگەیەنێتە سەدارەتی عوزمای عوسمانی و لەسەر ئەو بنەمایە ئەسعەد ئەفەندی داوای تەرخانکردنی بڕە پاداشتێك بۆ نالی دەکات، لەپای نووسینی کتێبی "بعض فوائد عقلیە ونقلیە" کە لە پەسنی پادشاکانی عوسمانی نووسیبووی. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە بریتییە لە پەیوەندیی نالی بە کەسایەتییەکی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەویش ئەسعەد ئەفەندییە، هەروەها گرنگتر لەوە وردبوونەوەیە لەو مێژووە کە دەبێتە دەرخەری ئەوەی نالی ئەو کاتە لە ئەستەنبوڵ بووە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییانە، پێویستە بە دوای سەربوردەی ژیانی ئەسعەد ئەفەندی بچین، کێیە و ئاخۆ کەی لە ئەستەنبوڵ بووە و چ شتێك ئەو و نالی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە؟

ئەسعەد ئەفەندی (١٧٨٩-١٨٤٨/١/١١ز) بە بنەماڵە بە سەحافلەر شێخزادە بەناوبانگ بووە و باوکی بە شێخی کتێبفرۆشان ناسراوە و وا دیارە فارسی باش زانیوە بۆیە لە ساڵی ١٨٣٥ دەبێتە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە تاران و لە ساڵی ١٨٤١ دەبێتە نەقیبولئەشراف و تا مردنی ئەو نازناوەی هەبووە. لە ساڵی ١٨٤٧ یش دەبێتە یەکەم ناظیری مەکاتیبی عوموومی(٢).

لە بنکۆڵکردنی ژیانی ئەسعەد ئەفەندی، دەگەینە ئەو ڕاستییە کە ناوبراو لە نێوان ساڵانی ١٨٤١-١٨٤٨ نەقیبولئەشراف بووە و لەگەڵ ئەوەشدا فارسی و عەرەبی باش زانیوە و حەزێکی لە ڕادەبەدەری بۆ کتێب و کۆکردنەوەی دەستنووس و بەرهەمی زانایان هەبووە، لە هەمان کاتدا لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا پلەوپایەیەکی گەورەی لە شێوەی وەزیر لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە. لە سەروبەندی گەشەکردنی کتێبخانەکەی و لەو کاتەی ئەو ناظیری مەکاتیبی عوموومییە بووە، نالی لەو ساڵانەدا پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەبووە، پەیوەندییەکەش وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە کە نالییان لەو نزیك کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەسعەد ئەفەندی لەبەر ئەوەی خۆی شاعیر و وەرگێڕ بووە و کەیفی بە بواری مێژوویش هاتووە، وای کردووە نالی لە خۆی نزیك بکاتەوە. ئەو بەرهەمەی نالیش کە دەربارەی پادشاکانی عوسمانییە (نازانرێ بە نەظم بووە یان بە پەخشان)، زیاتر دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە پەیوەندییەکەیان پتەوتر بێ. لە لایەك نوسخەی دەستخەتەکە لای ئەسعەد ئەفەندی و کتێبخانەکەی دەپارێزرێ و لەلایەکی تریشەوە خودی ئەسعەد ئەفەندی هەوڵی بۆ دەدا کە پاداشتێك بۆ نالی لە دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێ. هەوڵدانی ناوبراو بۆ تەرخانکردنی پاداشتێك یان مووچەیەك بۆ نالی، بەدڵنیایی نیشانەی بەهێزی پەیوەندیی نێوانیانە. ڕەنگە هەر ئەوەشە وای کردبێ دوای مردنی ئەسعەد ئەفەندی و هاتنی کەمال ئەفەندی وەك مودیری مەعاریف، جارێکی تر پەیوەندیی نالی و ئەو دامەزراوەیە و بەڕێوەبەرەکەی پتەوتر دەبێ و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی پێشەکی و سەرنجەکانی نالی لەسەر کتێبی مناظر الانشاء.

لە نامەکەی نەقیبولئەشراف ئەسعەد ئەفەندی کە لە ١٨٤٧/١١/١ بۆ صەدارەتی عوزما نێردراوە (Ah-mad,2017,50) تا یارمەتیی نالی بدرێ، چەند دەربڕینێك هەن کە نیشانەی ئەوەن پەیوەندیی نێوان ئەو دوو کەسە پتەو بووە، ئەو ناوی نالی وەها دەهێنێ: "اصحاب درایت وکمال و ارباب فضل" بۆ کتێبەکەیش وێڕای پەسنێکی زۆر، ئاماژە بەوە دەدات ئەو ڕیسالەیەی نالی لە خەزانەی کتێبی شاهانەدا بخرێتە ڕوو و بەو هۆیەوە و لەبەر ئەوەی نالی کەوتۆتە تەنگاسی و نەبوونییەکی زۆر، بۆیە داوا دەکات کە تەگبیرێك بکرێ و هاوکاری بکرێ (..İ DH.00133). دواتر ڕەزامەندیی دەدرێ کە ئەندازەی ٢٠٠٠ یان ٢٥٠٠ قرووشی پێ ببەخشرێ (سەرچاوەی پێشوو). لەم دوو لاپەڕەیەی بەڵگەنامە پەیوەندییەکە زۆر ڕوون دەبێتەوە و ئاماژەش بەوە نادا کە لە سلێمانییەوە هاتووە، وەك ئەوەی ماوەیەك بێ نالی لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێ بووبێ(٣).

**٣-٢ پەیوەندیی بە شاعیر و کەسایەتییە کوردەکانی دانیشتووی ئەستەنبوڵ**

**٣-٢-١ پەیوەندیی نالی بە ئەحمەد پاشای بابانەوە**

پەیوەندیـی نالـی بـە ئەحمـەد پاشـای بابـان، دەكـرێ لـە زۆر لایەنـەوە سـەیر بكـرێ. باشـترین گۆشـەنیگا دیوانەكەیەتـی كـە ئـەو لـە سـاڵی ١٨٣٨ ئـەو كاتـەی سـلێمان پاشـا دەمـرێ، شـیعری "تـا فەلـەك دەوری نـەدا سـەد كەوكەبـی ئـاوا نەبـوو" لـە شـینی ئـەودا دەنووسـێ و وێـڕای ئامـاژەدان بـە مردنـی سـلێمان پاشـای بابـان، باسـی هاتنـە سـەر تەختـی ئەحمـەد پاشـای كوڕیشـی دەكات:

**تـا چەمـەن پیـرا لەسـەر ئەصلـی درەختـی لانـەدا**
**فەرعـی تـازە خـوڕڕەم و بـەرز و بوڵەنـد بـاڵا نەبـوو**
**تـا سـولەیمانان نەبوونـە صـەدری تەختـی ئاخیـرەت**
**ئەحمـەدی موختـاری ئێمـە شـاهی تەخـت ئـارا نەبـوو**
**قیصـە بـێ پـەردە و كینایـە خۆشـە شـاهی مـن كـەوا**
**عادیلـێ بـوو قـەت عەدیلـی ئـەو لـە دونیـادا نەبـوو**

تا دەگاتە:

**وەك قیاسـێكی كـە موثبـەت بـێ، نەتیجـەی بێتـە جـێ**
**حەمدولیللا شـەه كـە عالیـی جابـوو، خاڵـی جا نەبـوو**

(مدرس وعبدالكریم، ١٩٧٦، ٣٧٣)

ئەمـە دەرخـەری خۆشەویسـتییەكی بەتینـی نالییـە بـۆ سـلێمان پاشـا و هەروەهـا بـۆ ئەحمـەد پاشـای كوڕیشـی. لـە لایەكـی تریـش شـیعری (**موشـەخخەص لەشـكری خەططـت لەسـەر تەسـخیری باڵایـە/ كـە طوڕڕەی"میـری میـران"ت نیشـانەی ئەبتـی طوغرایـە**) (سـەرچاوەی پێشـوو، ٥٦٥). هـەر خۆشەویسـتیی نالییـە بـۆ بابانـەكان، ئەگەرچـی گومـان هەیـە كـە بـۆ مەحمـوود پاشـای بابـان بـێ، بـەڵام پایـەی میـری میـران بەگوێـرەی بەڵگەنامەیەكـی عوسـمانی لـە ١٢٥٢/١٢/٢٩ی كۆچـی (كـە دەكاتـە بەرامبـەر ١٨٣٧/٤/٦) دراوەتـە سـلێمان پاشـا و ئەحمـەد پاشـای كـوڕی) (HAT.0471). وا دیـارە دوای هاتنـە سـەر كاری ئەحمـەد پاشـا، بارودۆخـی سـلێمانی ئاسـایی نابـێ و ململانـێ دەكەوێتـە نێـوان ئەحمـەد پاشـا و عەبدوڵـڵا پاشـا. ئـەو ماوەیـەی كـە نالـی لـە سـلێمانی بـووە، نابێـژرێ كـە پەیوەندیـی لەگـەڵ ئەحمـەد پاشـا تێـك چووبێـت، ئیـدی لـە چلەكانـی سـەدەی نـۆزدەم، نالـی سـلێمانی جـێ دەهێڵـێ و ئەحمـەد پاشـایش تـا سـاڵی ١٨٤٦ وەك دەسـەڵاتداری سلێمانی ماوەتـەوە، كـە بـۆ جـاری یەكـەم لـە سـاڵی ١٨٣٨ بـوو بـە میـری بابـان، بـەڵام سـاڵی ١٨٤٠ لـێ خـرا، بـۆ دووەمجـار لـە سـاڵی ١٨٤١ كرایـەوە میـری بابـان و لـە ئـاداری سـاڵی ١٨٤٢ جارێكـی دیكـە لادرایـەوە و لـە نیـوەی دووەمـی هەمـان سـاڵیش دیسـان كرایـەوە بـە پاشـای سـلێمانی تاوەكـو هێرشـی والیـی بەغـدا بـۆ سـەر كۆیسـنجاق (حوزەیرانـی ١٨٤٦) هـەر حوكمڕانـی ئەمارەتـی بابـان بـوو (عەبدوڵـڵا، ٢٠٢٢، ١٩). دوای ئـەوە لـە پۆسـتەكەی نامێنـێ و بەگوێـرەی بەڵگەنامەیەكـی عوسـمانی كـە مێـژووی مانگـی موحەڕەمـی سـاڵی ١٢٦٦ی كۆچـی بەرامبـەر مانگـی یـازدەی سـاڵی ١٨٤٩ی لەسـەر نـووسراوە، نـاوی ئەحمـەد پاشـا بـە قائیمقامـی پێشـووی سـنجاقی سـلێمانی هاتـووە و تێیـدا نامـەی ناوبـراوی تێدایـە بـۆ گەنجینـەی بەغـدا كـە ئامـاژە بـەوە دەدا شـەش مانگـە بـڕی ٧٥٠٠ قرووشـی وەك مووچـە بـۆ تەرخـان كرابـوو(٤) وەسـتاوە، ئێسـتاش بـاری دارایـی بـاش نییـە و پێویسـتی بـەو پارەیـە و داوا دەكا كـە بـۆی خـەرج بكـەن (İ..MVL.00161).

ئەحمـەد پاشـا یەكسـەر بـۆ ئەسـتەنبوڵ نەفـی نەكـراوە، بەڵكـو سـەرەتا نێردراوەتـە ئەدرنـە، پاشـان ڕەزامەنـدی دراوە كـە لـە ئەسـتەنبوڵ نیشـتەجێ بێـت. بـە گوێـرەی بەڵگەنامەیـەك كـە مێـژووی ١٢٦٥/١/٣٠ی كۆچـی (دەكاتـە بەرامبـەر١٨٤٨/١٢/٢٦ز) ئامـاژە بـەوە دراوە كـە (پێـش ئێسـتا سـولەیمانییەلی ئەحمـەد پاشـا بـۆ ئەدرنـە نێردرابـوو، بـەڵام بـە سـایەی حەزرەتـی شـاهانە دەبرێتـە ئەسـتەنبوڵ و لـەوێ نیشـتەجێ دەبێـت، بـەو هۆیـەوە ئـەو مووچەیـەی بـۆی تەرخـان كرابـوو لـە ئەسـتەنبوڵ و لـە گەنجینـەی ئـەوێ دەبـێ) (A.}MKT.MHM.00009.00035.001). لـەم بەڵگەنامەیـە بـە دیـار دەكەوێـت كـە هـەر خۆیەتـی و دوای ئەمـە دەردەكەوێـت كـە لـە ١٢٦٧/٦/٢٠ی كۆچـی (بەرامبـەر ١٨٥١/٤/٢٢ز) خانـەوادەی ئەحمـەد پاشـا لـە بەغـدان و ئەحمـەد پاشـا نامەیـەك بـۆ دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی دەنووسـێ و بـاس لـە پەرێشـانحاڵی خانەوادەكـەی دەكات و داوا دەكات ڕێگەیـان بـدەن بـەرەو ئەسـتەنبوڵ بچـن. دواتـر ڕەزامەنـدی دەدرێـن و داوا لـە والیـی بەغـدا دەكـرێ كـە لـەو ڕووەوە هاوكارییـان بكـەن (İ..DH..00232).

لـە ١٢٦٧/١٠/٥ی كۆچـی كـە دەكاتـە بەرامبـەر ١٨٥١/٨/٣ز، هـەر دوو والیـی بەغـدا و موشـیری سـوپای عێـراق- حیجـاز

محمد نامیق پاشا، داوا لە خەلافەتی عوسمانی دەکەن کە کارێك بە ئەحمەد پاشای قائیمقامی پێشووی سلێمانی و عەبدوڵڵا پاشا لە ئەنادۆڵ، یان عەرەبستان دوور لە وڵاتی خۆیان بسپێرن، چونکە هەردووکیان کەسی لێهاتوون و ئەحمەد پاشا خاوەن درایەت و فەتانەتە و عەبدوڵڵا پاشایش دۆستی سەڵتەنەتی عوسمانییە. دواتر لەلایەن صەدارەتی عوسمانییەوە ڕەزامەندی دراوە بەوەی کە کارێکیان پێ بسپێرن و دایانمەزرێنن (İ..MVL.00219).

ئەمین زەکی بەگ پێی وایە نامیق پاشای والیی بەغدا لە ساڵی ١٢٦٧ی کۆچی (دەکاتە بەرامبەر ١٨٥١ز) هەردوو برا ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشا بانگی بەغدا دەکات و دواتر دەیاننێرێتە ئەستەنبوڵ (زکی بگ، ٢٠١٠، ٩٣). دواتر وا دیارە ئەحمەد پاشا لە ئەستەنبوڵ دەگیرسێتەوە و لە ١٢٦٨/١/١٨ی کۆچی (بەرامبەر ١٨٥١/١١/١٣ز) نامەیەك بۆ سەڵتەنەتی عوسمانی دەنووسێت و زۆر منەتدارانە و سوپاسگوزارانە داوایەکی غولامانەیان لێ دەکات کە سێ کوڕەکەی لە بەغداوە هاتوونەتە ئەستەنبوڵ و داوا دەکات کە لە مەکتەبی حەربییەی عەسکەرییە بخوێنن و لەنوێوە تۆماریان بکات، وەك خۆی ئاماژەی پێ داوە دەیەوێ خزمەت بە بواری سەربازی بکەن و ببنە چرایەك بۆ دەوڵەت، کە ئەوە هیوا و ئاواتی لەمێژینەی بووە. ({A. MKT.NZD.00046.00001.001)

وا دیارە دواتر ئەحمەد پاشا هیچ کارێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٢٦٨/٥/٥ی کۆچی (دەکاتە بەرامبەر ١٨٥٢/٢/٢٦ز) لەسەرە، هاتووە کە ئەحمەد پاشا ماوەیەك لەمەوبەر داوای ئەوەی کردبوو کە ڕێگەی بدەن بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشیی سەردانی ئیتاڵیا بکات، بۆیە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕەزامەندیی دراوە بەوەی سەفەر بکات (HR.MKT.00043.00049). لەم بەڵگەنامەیەدا ناوی ئەحمەد پاشا بە موتەسەریفی پێشووی سلێمانی و میری میران هاتووە. دوای تێپەڕینی چەند مانگێك لە سەفەرەکەی و لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا نامەیەك بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەنووسێت کە ناوبراو بە ناچاری و بۆ هەواگۆڕکێ سەردانی ئیتاڵیای کردبوو، سەرەتا دەچێتە ناپۆلیا و لەوێ لەسەر ڕێنمایی پزیشکەکان دەمێنێتەوە، بەڵام پێویستی بە یارمەتی هەیە و دەوڵەتی عوسمانیش ڕوونکردنەوە و داواکارییەکەی قبوڵ کردووە (İ.. HR..00091).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە خۆدزکۆیش ئەو دەمەی لە پاریس ئەحمەد پاشای دیوە، باسی لە نەخۆشییەکەی کردووە (ئەحمەد خان وێڕای ئەوەی بە دەست نەخۆشییەکی سەختەوە گیرۆدە بوو کە زۆربەی جار پاشای ناچار دەکرد لە ناو نوێن هەڵبستێتەوە.) (خۆدزکۆ، ٢٠٠٥، ٦١) کەواتە بەپێی بەڵگەنامەی عوسمانی و قسەکەی خۆدزکۆیش ئەحمەد پاشا نەخۆش بووە و ڕێی تێدەچێ هەر بۆ چارەسەری نەخۆشیش سەردانی ئەوێی کردبێ. سەبارەت بە ساڵی سەفەرەکەیش ڕوونە لەو ساڵەدا خۆدزکۆ لە پاریس بووە، چونکە ئەو (لە نێوان ساڵانی ١٨٥٢ تا ١٨٥٥ لە وەزارەتی هەندەرانی فرانسا وەکوو پسپۆری کاروباری ڕۆژهەڵات کاری کردووە، کە هەر لەو ماوەیەدا بووە توانیویەتی ڤیزە بۆ ئەحمەد پاشای بابان وەربگرێ و داوەتی فرانسای بکات) (سەرچاوەی پێشوو، ٤٣).

لە بەڵگەنامەکاندا وا دیارە ئەحمەد پاشا ئەو ماوەیە لە ئەستەنبوڵ بووە و هێشتا هیچ پۆستێکی دەوڵەتی وەرنەگرتووە، تەنانەت تا سەرەتای ساڵی ١٨٥٦یش. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٢٧٢/٧/١٧ی کۆچی (١٨٥٦/٣/٢٤ز) لەسەرە، جارێکی تر موشیری سوپای عێراق و حیجاز و والیی ئیلایەتی بەغدا داواکارییان بۆ صەدارەت بەرز کردۆتەوە و داوای ئەوەیان کردووە کە موچەکەی ئەحمەد پاشای قائیمقامی پێشووی سلێمانی پێویستە ڕەزامەندیی لەسەر بدرێ و بیدرێتێ، بەتایبەت کە ناوبراو ئێستا نیشتەجێی ئەستەنبوڵە و خانەوادە و منداڵی زۆرن و پێویستیی پێی هەیە و ناوبراو کەسێکی بەتوانا و لێهاتووە لە ڕووی ئیدارییەوە و شایستەی ئەوەیە کارێکی دەوڵەتی پێ بسپێردرێ (MVL.00297.0075.001). دیارە دواجار دەوڵەت ڕەزامەندی دەنوێنێ و لە کۆتایی نیسانی ساڵی ١٨٥٦ بە والیی یەمەن دادەمەزرێ (İ..MMS.0007). کەواتە هەتا ئەو ساڵە، ئەحمەد پاشا لە ئەستەنبوڵ بووە. هێنانەوەی ئەم زانیارییانە لە ڕێی بەڵگەنامەکانی

عوسمانی، وێڕای ئەوەی زانیاریی تازە بوون سەبارەت بە ئەحمەد پاشای بابان لە ئەستەنبوڵ، لەگەڵ ئەوەشدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەتا نزیك لەو ماوەیە نالییش لە ئەستەنبوڵ بووە. بێگومان ئەگەر لەنێوان شام و ئەستەنبوڵیش لە هاتوچۆدا بووبێ، کێماسییەك نییە، ئەوەندە هەیە لەم ماوەیەدا ئاگاداریی ئەحمەد پاشا بووە و ئەو بۆچوونەش ڕاست دەردەچێ کە هاتوچۆی دیوانی ئەحمەد پاشای لە ئەستەنبوڵ کردووە. تەنانەت بەپێی گوتەی سەید تاهیری هاشمی، نالی لە ئەستەنبوڵ لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان ناسیاوی و پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ گەورەپیاوانی کوردی عوسمانی پەیدا دەکات و هەر ئەو پەیوەندییەش وا دەکات کە بەرهەمەکانی نالی لە خاکی عوسمانیدا بڵاوبنەوە (کیهان فرهنگی، ١٣٦٥، ٨). بەڵام بە بۆچوونی ئێمە نالی زۆر پێش ئەحمەد پاشا هاتۆتە ئەستەنبوڵ(٥) و ئەو کاتەی ئەحمەد پاشا لە کۆتایی چلەکانی سەدەی نۆزدەدا لە شاری سلێمانی لەنێو ململانێ و گێرە و کێش ەدابووە، نالی لە ئەستەنبوڵ بووە، بەتایبەتی کۆتاییی چلەکان کە کتێبی "بعض فوائد عقلية و نقليه" بۆ ئەسعەد ئەفەندی نەقیبولئەشراف، و "مناظر الانشاء" بۆ ئەحمەد کەمالی ناظیری مەعاریف دەنووسێ، هێشتا ئەحمەد پاشا نەهاتۆتە ئەستەنبوڵ، بۆیە لە سەرەتادا نالی بەهۆی ئەحمەد پاشاوە پەیوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی دروست نەکردووە، دەشێ دواتر و دوای هاتنی ئەحمەد پاشا، نالی هاتوچۆی دیوانەکەی کردبێ. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئەحمەد پاشا هێندە پەیوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی دانیشتووی ئەستەنبوڵ پتەو بووە، بۆچی تەنیا لە ڕێی کاربەدەستانی بەغداوە - هەردوو والیی بەغدا و موشیری سوپای عێراق- حیجاز-، دوو جار، جارێکیان لە ساڵی ١٨٥١ و جارێکی تر لە ساڵی ١٨٥٦ داوای پێ سپاردنی کارێك بۆ ئەحمەد پاشا دەکرێ؟ لە کاتێکدا ئەستەنبوڵ پڕ بووە لە کاربەدەست و لەنێو ئەرشیفی عوسمانیشدا ئەوەی تایبەت بێ بە ئەحمەد پاشاوە هیچ هەوڵێکی وا نابینرێ.

زانیارییەکانی ئەم بەڵگەنامەیە نزیکمان دەکاتەوە لە بۆچوونەکەی خۆدزکۆ کە لە ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٤ ئەحمەد پاشای بابان (کە ئەو بە ئەحمەد خان ناوی دەبا) لە پاریس دیوە. "لە سووریا، لە شام زانایەکی بەناوبانگی کوردی لێیە، مەلا خزر کە چاکتر بە نازناوە ئەدەبییەکەوە نەعلی ئەفەندی ناسراوە.... ئەحمەد خان کە بە خۆی نەعلی ئەفەندی دەناسێ، وادەی پێ داوم پێوەندیم لەگەڵ ئەم زانا سەردەستە فیلۆلۆژناسەی نەتەوەکەی بۆ دروست بکات" (خۆدزکۆ، ٢٠٠٥، ٦٢)

دیارە نالی دوو ساڵیش دوای بوونی ئەحمەد پاشا بە والیی یەمەن، هێشتا نەچۆتە حیجاز، ئەحمەد پاشایش دوای نزیکەی پێنج ساڵ و لە ١٢٧٧/٥/٣ی کۆچی (بەرامبەر ١٨٦٠/١١/١٧ز) لە نامەیەکدا بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی داوای ئەوە دەکات کە ئەو نزیك پێنج ساڵ لەمەوبەر وەك والیی یەمەن دامەزراوە و خۆیشی هەر نەخۆش بووە و ناسازگاریی کەشوهەوای یەمەن زیاتر بێتاقەتی کردووە و داوا دەکات یان بۆ شوێنێکی تر بیگوێزنەوە، یانیش ڕێگە بدەن بەتەواوی بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ ({.A MKT.UM..00436.00074.001). دوای دوو هەفتە دیارە داواکارییەکەی ڕەچاو کراوە.

لەمەوە دەردەکەوێت ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا پەیوەندی لە نێوان نالی و ئەحمەد پاشادا هەبووبێ، ئەوا لە سەروەختی دەرچوونی ئەحمەد پاشا لە کوردستانەوە بۆ باری نەفیکردنیەتی کە سەرەتای ساڵی ١٨٤٩یە، تا سەفەرکردنی بە بیانووی نەخۆشییەوە بۆ ئەورووپا.

ئەم دیدەنییەی نالی و ئەحمەد پاشا لە سەرچاوەی تریشەوە ئاماژەی بۆ کراوە. لە کەشکۆڵێکی شیعری کوردی لە کتێبخانەی بەرلین پارێزراو کە مێژووی نووسینەوەی بۆ ساڵی ١٩٠٦ دەگەڕێتەوە، ئاماژە بە کورتە ژیانی نالی دراوە و تێیدا هاتووە کە نالی "بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان و گوزەران ئاسانی، لە نیشتمان دەرچووە و سەردەمێك کە ئەحمەد پاشای بەبان لە ئەستەنبوڵ بووە، ئەویش چۆتە ئەوێ و دواتر لەوێوە چۆتە مەدینە" (**Ms. or. oct. 1212**).

لە ڕووی مێژووی زارەکییشەوە، مستەفا حەمەبۆر لە پێشەکیی دیوانی کوردیدا لە دوو شوێندا ئاماژە بەوە دەدا کە "پێوەندیی کوردی لەگەڵ دوا پاشای بابان ئەحمەد پاشادا زۆر خۆش و لە لای ئەو پادشایە بەڕێز بووە. لە

ئەستەمبووڵ و لە پاریسیش سەری لێ داوە"(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ٢٦) و "لە زۆر لە سەرچاوە دەمییەکانەوە بیستوومە کە کوردی لە سەردانەکەی ئەستەموولیدا بۆ لای ئەحمەد پاشای بابان چاوی بە زۆر لە هۆنەرانی وەك نالی و حاجی قادری کۆیی و کەیفی و هیی تورکیش کەوتووە، بەتایبەتیش دیدەنی کردوون" (سەرچاوەی پێشوو، ٢٩). لێرەدا ئەم بۆچوونە ڕاست دەبێ بەوەی کە کوردی دیدەنی ئەحمەد پاشا و نالی کردبێ، بەتایبەتی لەوەدا کە وەك دەگوترێ کوردی لە ساڵی ١٨٥٩ دا مردووە واتە پێش ئەو مێژووە ئەم یەك دوو جارە سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە، بەڵام پێش ئەو مێژووە حاجی قادر و کەیفی هێشتا نەهاتوون بۆ ئەستەنبوڵ. ڕێی تێدەچێ ڕاستەوخۆ دوای هاتنی ئەحمەد پاشای بابان بۆ ئەستەنبوڵ خەڵکێك بۆ دڵدانەوەی سەردانیان کردبێ، چ ئەو کاتەی لە ئەستەنبوڵ بووە و چ ئەو کاتەیشی چۆتە پاریس و ئەورووپا.

قۆناغی کۆتایی ژیانی ئەحمەد پاشا، والیی شاری ئەدەنەیە و ناوبراو بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٢٩١ی ڕۆمی (کە دەکاتە بەرامبەر ١٨٧٥/١١/٢١) لە ئەدەنە کۆچی دوایی کردووە (A. MKT.MHM.00498.00074.003) و هەر لەوێش نێژراوە (٦). ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە نالی لە قۆناغی گەڕانەوەیشی بۆ ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٨٧٣ دەرفەتی پەیوەندیی بەتینی لەگەڵ ئەحمەد پاشا نەبووە، چونکە ئەوسا ئەحمەد پاشا لە ئەدەنە ژیاوە و نالییش لە ئەستەنبوڵ.

**٣-٢-٢-پەیوەندیی نالی بە شێخ نووری ڕوودبارییەوە**

شێخ نووری ڕوودباری؛ شاعیر و زانایەکی کورد بووە، مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی دیوانی نالیدا ئاماژەیان بەوە داوە کە لە شیعرەکەدا ناوی نووری و صبغة اللە هاتووە و گومانی ئەوەیان کردووە کە سیبغەتوڵڵا باوکی نووری بووە و بەپێی گێڕانەوەی مەسعوود محەمەدیش شێخ نووری ڕوودباری بەینێك لە کۆیێ ژیاوە و پیاوێکی بەرچاو و ڕێزلێگیراو بووە(مدرس وعبدالکریم، ١٩٧٦، ٦٣٣)، نالی شیعرێکی بۆ ئەم شێخ نوورییە نووسیوە کە دەڵێ:

**لە چاوی (ڕوودبار)م (نووری) دیتن وەقتە تاری بێ**
**ئەمیش با ماجەرای هیجرانی (نووریی ڕوودباری) بێ**
**چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج**
**خودا یار و مەدەدکار و نیگەهداری عەماریی بێ**
**بە وەقتی تەلبییە مەستی شوهوودی (صبغة اللە) بێ!**
**بە گاهی تەروییە سیرڕی (یداللە) دەستیاری بێ**

تا دەگاتە ئەوەی:

**بە کوێری دوور لە (نووری) مایەوە (نالی) لەمێ، یاڕەب**
**فویوضی تۆزی ڕێگەی کوحلی چاوی ئەشکباری بێ!**

(سەرچاوەی پێشوو، ٦٣٥-٦٣٦)

لە شەرحی دیوانەکەدا بەتەواوی ڕوون نەکراوەتەوە و، نووری و صیبغەتوڵڵایان لێ تێکەڵ بووە ئەم هەڵەیان لەبەر نەبوونی زانیاریی بەسەردا تێپەڕیوە. بۆیە لە گەڕانێکدا لەنێو ئەرشیفخانەی عوسمانی بۆ یەکەم جار دیوانی تەواوی شیعرەکانی نووری ڕوودباریمان دۆزییەوە کە خۆی ناوی صیبغەتوڵڵایە و مەخلەسی شیعریشی (نووری)یە و بە مەلا صیبغەتوڵڵای ڕوودباریش ناسراوە. ناوبراو دیوانێکی شیعری بە زمانی فارسی هەیە و زۆربەی شیعرەکانی لە پەسنی "عارف حیکمەت" ی شێخولئیسلامی ئەوسای عوسمانی نووسیوە. خۆیشی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو کاتەی هاتۆتە ئەستەنبوڵ عارف حیکمەت پشتیوانیی کردووە، بۆیە زۆرترین شیعری بۆ ئەو نووسیوە. بۆ پاڵپشتیی بۆچوونەکەی ئێمە کە ناوبراو خاوەنی دیوانێکی شیعرییە، لە کتێبی "ایضاح المکنون" تەنیا ئەوەندەی لەسەر گوتراوە کە دیوانێکی دەستخەتی هەیە (البغدادی، ؟، ٥٣٥) ، ئەو سەردەمەی کە نووری لە ناوچەی هەورامان و سنە هاتۆتە خاکی عوسمانییەکان، ئەو سەردەمەیە کە ژمارەیەکی زۆر زانای کوردی وەك سنەوییەکان، مەردۆخییەکان، بنەماڵەی عەبدولقادری موهاجیری سنەیی و زۆر زانا و کەسایەتیی تر لەو سەردەمەدا کۆچ دەکەن و بەشێکیان لە باشووری کوردستانی ئێستا و بەشێکی تریان لە بەغدا و هەندێکیشیان دواتر لە ئەستەنبوڵ دەگیرسێنەوە. بەگوێرەی دیوانە دەستخەتەکەی نوورییش، ناوبراو نەقشبەندی بووە و شیعری بۆ مەولانا خالید نووسیوە، لە هەمان کاتیشدا شیعری لە پەسنی شێخ

عەبدولرەحمانــی تاڵەبانییــش نووســیوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا بەگوێــرەی حیسابی ئەبجــەدی و لــە کەنــاری شــیعرێکدا ســاڵی نووســینەکەی نووســیوە کــە ســاڵی ١٢٦٤ی کۆچییــە (دەکاتــە بەرامبــەر ١٨٤٨ز)، واتــە ئــەو ســەردەمەی کــە لــە ئەســتەنبوڵ بــووە، وەك خــۆی لــە دەســتپێکی قەســیدەیەکی عەرەبیــدا دەنووســێت: لما حللت بمحروسة اسلامبول حرست سلطنة سلطانها عن النزول والافول، نظمت هذه القصيدة واصفافيها الطريقة العلية النقشبندية قدس اسرار اهاليها الجلية وهي المعبر بالخمرة الفارسية لأن احد حلقاتها سلمان الفارسي رضي الله تعالى عنه وانتقلت منها الى وصف صدرالدين وعون المسلمين مفتي الانام شيخ الاسلام عارف الحكمة ولي النعمة لازال عارفا بالله وولي نعمة الله (نـوری، دەسـتخەت، ٢٣). دیـارە ئـەو سـەردەمە هەمـان سـەردەمی مانـەوەی نالییـە لـە ئەسـتەنبوڵ، بۆیـە زۆر لـەو رایـە نزیـك دەبینـەوە كـە ئـەم سـەفەرەی نـووری بـۆ حـەج لـە ئەسـتەنبوڵەوە بووبـێ و دوور نییـە هـەر بـە هاوكاریـی عـارف حیكمەتـەوە بووبـێ. نالییـش وەك ئـەوەی پێـش هاتنـی بـۆ ئەسـتەنبوڵ و یـان هـەر لـە ئەسـتەنبوڵەوە حەجـی بـۆ ڕێـك كەوتبـێ، لـە شـیعرەكەدا وەسـفێكی وردی حـەج دەكات، كـە هـەر لەوانـە دەوەشـێتەوە خۆیـان بـە كردەیـی ئـەو سـەفەرەیان كردبـێ، ئەگـەر چـی مەسـعوود محەمـەد پێـی وایـە نالـی هـەر كـە لـە سـلێمانی دەرچـووە بـۆ حـەج دەرچـووە (محەمـەد، ٢٠٠٧، ٢٤)، بـەڵام ئێمـە زیاتـر بـۆ ئـەوە دەچیـن كـە نالـی سـەرەتا چۆتـە ئەسـتەنبوڵ، بـە بەڵگـەی ئـەوەی كاتێـك نالـی كتێبەكـە بـۆ ئەسـعەد ئەفەنـدی نەقیبولئـەشراف دەنووسـێ و هەروەهـا لـە سـاڵی ١٨٥٧ەوە كاتێـك لـە شـامەوە دەچێتـە مەدینـە، نـاوی بـە حاجـی نەهاتـووە. ئەمـە گومانێكـە و هێشـتا پێویسـتی بـە ساغكردنەوە هەیـە. نالـی بـۆ نـووری ڕوودبـاری دەڵـێ:

**بـە وەقتـی تەلبییـە مەسـتی شـوهوودی (صبغـة اللـه) بـێ!**

**بـە گاهـی تەروییـە سـیڕڕی (یداللـە) دەسـتیاری بـێ**

**فویوضاتـی (صەفـا) و و (مـەڕوە) هـەروەك نـاودان دەم دەم**

**لـە یەنبووعـی دڵـی پـڕ زەمزەمـەی میزابـی جاریـی بـێ**

(مدرس و عبدالكريم، ١٩٧٦، ٦٣٦)

مـەلا نـووری ئەگـەر چـی مێـژووی مردنـی دیـار نییـە، بـەڵام لـە شـیعرەكانیدا دەبینـرێ كـە خۆشەویسـتییەكی زۆر بەتینـی بـۆ عـارف حیكمـەت هەیـە و مەحاڵـە بەپێـی ئـەو شـیعرانە بـێ كـە ئەسـتەنبوڵی جـێ هێشـت بـێ، لـەو ڕوانگـەوە نالییـەك ئەگـەر شـیعرێكی وا بەسـۆزی بـۆ ئـەو نووسـی بـێ بـۆ سـەفەری حەجـی، لەگینـە كـە پەیوەندییەكەیـان ئەوەنـدە بەتیـن بووبـێ و ئـەو مـاوەی كـە نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە، یەكتریـان دیبـێ و پەیوەندییـان بەیەكـەوە هەبووبـێ. چونكـە خـۆی لـە كۆتایـی شـیعرەكەدا دەڵـێ بەهـۆی دوورییـەوە لـە نـووری ئەوەنـدە گریـاوە ئـاوی چـاوی داهـات و كوێـر بـوو و بەكوێـری لێـرە ماوەتـەوە بـە تەنهـا. دەسـا خوایـە بەرەكەتـی تـۆزی ڕێگـەی سـەفەری حەجـی نـووری بكـە بـە كلـەی چـاوی پـڕ لـە فرمێسـكی بـۆ ئـەوەی ڕۆشـنایی تـێ بكەوێتـەوە. لـەوەدا دەبینیـن كـە دوورییەكـە چەنـدە بـە ئـازارە، هیـوای ئەوەندەیشـی هەیـە كـە فویوضـی تـۆزی ڕێگـەی سـەفەر ببێتـە كلـی چـاو.

سـاڵی ١٨٤٨ نـووری ڕوودبـاری لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە و هەمـان سـاڵیش نالـی لـەوێ بـووە، عـارف حیكمەتیـش مـاوەی حـەوت سـاڵ و چـوار مانـگ و سـێ ڕۆژ لەنێـوان (١٨٤٦/١١/٢١- ١٨٥٤/٣/٢٤ز) شێخولئیسـلام بـووە (MK.AE.id.57.82)، ئـەم شێخولئیسـلامە پەیوەندییەكـی باشـی لەگـەڵ (كاتـب)ی شـاعیر و نـووری شـاعیر هەبـووە و یارمەتـی هەردووكیانـی داوە. پێدەچـێ لـەو نێوانەشـدا نالییـش بەهـۆی ئەوانـەوە پەیوەندیـی زیاتـر لەگـەڵ كاربەدەسـتان و كەسـایەتییەكانی ئەوسـای ئەسـتەنبوڵ پتەوتـر كـرد بـێ. لـە لایەكـی تـرەوە نووریـی شـاعیریش شـیعرێكی تایبەتـی بـۆ ئەحمـەد كەمالـی وەزیـری مەعاریفـی عوسـمانی نووسـیوە، واتـە هاوشـێوەی نالـی دیـارە ئەویـش پەیوەندییەكـی باشـی لەگـەڵ كەمـال ئەفەنـدی هەبـووە و لـە دێرێكـدا لـە پەسـنیدا دەڵـێ:

**نقـاد كـمالات كـمال آنكـه نمايـد**

**اقـرار بفضـل هـنرش هـر كـه بخواهـی**

(نوری، دەستخەت، ١٠)

**٣-٢-٣-نالی و کاتبی شاعیر**

"کاتـب"ی شـاعیر کـە یەکێـك بـووە لـە شـاعیرانی کلاسـیکی کـورد و خەڵکـی سـلێمانی بـووە و دوای نەمانـی بابانـەکان

ڕووی کردۆتــە ئەســتەنبوڵ و بۆتــە کاتبــی عــارف حیکمەتــی شێخولئیسـلامی دەوڵەتـی عوسـمانی، هــەر وەك خــۆی ئامــاژە بــەوە دەدا "دەسـتی ڕێکــەوت پەلکێشــی کـردم و گەیاندمییــە قوستەنتنییە. ماوەیەکیـش لـەوێ سەراسـیمە بەهیـوای ئـەوەی دەرووبەکـم لـێ بکرێتـەوە، سـەرگەردان و چـاوەڕوان و بـێ لانــە و بانــە دەســووڕامەوە. تــا ئەنجــام خــدری ڕێنوێنیکــەر ڕابەریــی کــردم و ئەســتێرەی بەختەوەریــی بــوو بــە هاوســەرم و بردمیانـــە ئاســـتانەی کۆشـــك و ســـەرای شێخولئیســـلام عــارف حیکمــەت، کــە پیاوێکــی تاقانــەی چەرخــی خــۆی و خزمەتگــوزار و دڵنەواییکــەر بــوو، شــارەزای هەمــوو زمانــان بــوو، بەوریایــی خــۆی کــە زانــی فارســیی دەزانــم، بــە فارسـی هەواڵـی پرسـیم و ناسـیمی و لـە ژیـان و بەسـەرهاتم تێگەیـی. زۆر دڵنەوایــی کــردم و داڵــدەی دام و ڕووی کردمــە بــاری زانســت و خوێنــدن، هانــی دام بــۆ گوتــن و نووســینی شـیعر و غەزەلـی فارسـی و چەنـد شـیعر و غـەزەلم بەنـاوی ئـەوەوە ڕازانـدەوە و نووسـیمن" (قەرەداغـی، ٢٠٠٨، ١٩) هـەر وەك خــۆی ئامــاژەی پــێ دەدا، دواتــر کەڵکەڵــەی نیشــتمان دەکەوێتــە ســەری و بیــری وڵات دەکات و دەگەڕێتــەوە، "ماوەیـەك لـە وڵاتـدا مامـەوە، بـەڵام پاروویەکـی بـێ زڵلـەم نەخـوارد و ئاوێکـی بـێ سـزا و ئـازار بـە گەروومـدا نەچـووە خـوارەوە، ئیـتر دەسـتی هیـوام لـە وڵات و نیشـتەجێبوون تێیـدا بـڕی و بەهـۆی سـتەمی بـرا و برادەرانـەوە نەمامـی ئـارەزووم لــە ڕەگ دەرهێنــا و بــە هیــوای ڕزگاربــوون لــەو بارودۆخــە پاشـکەوتە و دواکەوتـە، ملـی ڕێگـەم بـەرەو قیبلـەی مەبەسـتم گرتــەوە بــەر و بەهەمــان شــوێن و جێگــە و ئاســتانەی ئــەو پیـاوە بەڕێـز و بەخشـندە شـاد بوومـەوە" (هەمـان سـەرچاوە و لاپــەڕەی پێشــوو) دواتــر وا دیــارە زۆر لــە شێخولئیســلام نزیــك دەبــێ و داوای لــێ دەکات کــە شــیعرەکانی خــۆی کــۆ بکاتــەوە و دیوانێکیــان لــێ بەرهــەم بهێنــێ، ئەویــش پارچـە شـیعری بەهـار کـە لـە ستایشـی پێغەمبـەر و چـوار یارەکەیـدا گوتوویەتـی دەکاتـە سـەرەتای دیوانەکـەی، کـە ئەمــە لــە ســاڵی ١٢٦٦ی کۆچــی بەرامبــەر ١٨٤٩ی زایینیــدا بــووە. لــە لایەکــی دیکــەوە خــودی عــارف حیکمەتیــش لــە تەزکیــرەی شــوعەرایەکەی خۆیــدا کورتــە ژیانــی کاتبــی نووسـیوە (ئەحمـەد، ٢٠٢١، ٢٢٨)، ئەمـەش ئامـاژەی ئەوەیـە واتــە ئــەو ماوەیــە کاتــب لــە ئەســتەنبوڵ بــووە، ئەگــەر چــی مێــژووی مردنەکــەی دیــار نییــە، بــەڵام ئــەوە زانــراوە کــە لــە سـاڵی ١٢٦٦ ی کۆچیـدا ناوبـراو لـە ژیانـدا بـووە. پەیوەندیـی ئەمیـش لەگـەڵ نالـی خـۆی لـە نووسـینەوەی کتێبـی مناظـر الانشـاءەکەی نالـی بـە دەسـتی کاتبـی شـاعیر دەبینێتـەوە.

**٣-٢-٤-پەیوەندیـــی بـــە حاجـــی قـــادری کۆیـــی و کەســـایەتییەکانی تـــری کـــورد**

لەنێــو شــاعیرانی کــورددا، تــا ئێســتا ئــەوەی زانــراو بــێ، حاجــی قــادری کۆیــی زۆرتریــن جــار نــاوی نالــی لــە شــیعرەکانیدا هێنــاوە کــە چــواردە جــارە، جگــە لــەو بۆچوونــەی کــە خزمایەتیــی لەنێــوان مەولاناخالیــد و نالــی و حاجـی قـادر پشتڕاسـت دەکاتـەوە، ئـەم گرنگیدانـەی حاجـی بـە نالـی هـەر وا ڕەمەکـی نییـە. لـە هەنـدێ لـە شـیعرەکان ئامـاژەن بـۆ دوای مردنـی نالـی، وەك دکتـۆر مەولـوود ئیبراهیـم حەسـەن لـە توێژینەوەیەکـی سـەربەخۆدا گەیشـتۆتە ئـەوەی کـە دەگونجـێ حاجـی، نالـی دیـت بـێ و ئاگاداریـی مردنـی نالییــش بــووە (حەســەن، ٢٠١٢، ١٥٥-١٩٢).

بـەڵام ئێمـە پێمـان وایـە هەڵەیـە کـە پێمان وابـێ سـەرەتای پەنجاکانـی سـەدەی نـۆزدە حاجـی قـادر لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە. قۆناغـی یەکەمـی ژیانـی نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ هێشـتا حاجـی نەهاتــووە، لــە قۆناغــی دووەمــدا دەشــێ کەیفــی (؟-مانگــی دووی ســاڵی ١٨٨٣ز) (احمــد، ٢٠٢٣، ٢٢٧)و حاجــی قــادر و کەســایەتییە کوردەکانــی ئەوســای نیشــتەجێی ئەســتەنبوڵ، نالییـان دی بـێ، یـان لانـی کـەم ئاگاداریـی کۆتاییەکانـی ژیانـی و هەواڵـی مردنـی بووبـن، بـەڵام تـا ئێسـتا هیـچ بەڵگەیەکـی یەکلاکەرەوەمـان لەبـەر دەسـتدا نییـە کـە شـایانی بـاس بێـت.

**٣-٣-قۆناغی دووەمی هاتنی نالی بۆ ئەستەنبوڵ**

مەسـەلەی جێگیربوونـی نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ گەنگەشـەی زۆری لەسـەرە، بەتایبەتـی ئەگـەر لـە ڕوانگـەی بەڵگەنامەکانـەوە لێــی بڕوانیــن، مــەرج نییــە نالــی تەنیــا دوو جــار ســەفەری ئەســتەنبوڵی کردبــێ، بەڵکــو دەشــێ ئــەو کاتــەی لــە شــام بــووە، زیاتــر لــە جارێــك ســەری لــە ئەســتەنبوڵ دابــێ، هەروەهــا لــە مــاوەی ئــەو چەنــد ساڵەیەی کــە لــە حیجــاز ماوەتــەوە دەشــێ ســەفەری کاتــی بــۆ ئەســتەنبوڵ کردبــێ، بــەڵام جــاری کۆتاییەکــەی دەوروبــەری ســاڵی ١٨٧٣یــە، لــە

حیجــازەوە دەچێتــە ئەســتەنبوڵ و لــەوێ دەمێنێتــەوە. بــە بەڵگــەی کتێبــی (عثمانلــی مؤلفلــری)، کــە ئامــاژەی بــەوە داوە نالــی لــە دەوروبــەری ســاڵی ١٨٧٣ هاتۆتــە ئەســتەنبوڵ. ئــەم هاتــن و مانەوەیەشــی نزیکــەی چــوار ســاڵی خایانــدووە. تــا لــە ئاکامــدا لــە ١٨٧٧/١١/٢٣ لــە ئەســتەنبوڵ کۆچــی دوایــی دەکات و لــە گۆڕســتانی قەرەجــە ئەحمــەد دەنێــژرێ.

ڕەنگــە پرســیاری ئــەوە دروســت بــێ، نالــی بۆچــی حیجــازی جــێ هێشــت و بــۆ کۆتاییەکانــی ژیانــی لــە ئەســتەنبوڵ گیرســایەوە؟ وەڵامــی ئــەم پرســیارە وەڵامێکــی یەکلاکــەرەوە نییــە، چونکــە هیــچ بەڵگەنامەیــەك بــاس لــە هــۆکاری مانــەوەی لــە ئەســتەنبوڵ نــاکات، بــەڵام دەشــێ هەنــدێ ســەرەداو هەبــن پەیوەندییــان بــەوەوە هەبوبێــت، لەوانــە:

-کێشــە و ئاشــووب و گرفتەکانــی ویلایەتــی حیجــاز، بەتایبەتــی ســەرهەڵدانی ســەلەفییەت وەك بزووتنەوەیەکــی سیاســی.

-هاتنــی بنەماڵــەی شــەریف حوســێن و مانەوەیــان لــە ئەســتەنبوڵ، کــە نالــی پەیوەندییەکــی بەتینــی لەگــەڵ هەبوونــە.

--دەشــێ نالــی بــۆ وەرگرتنــی یارمەتییــەك هاتبــێ، چونکــە زۆر جــاران کەســێك زیاتــر لــە ســاڵێك لــە چاوەڕوانــی تەرخانکردنــی بــڕە یارمەتییــەك لــە ئەســتەنبوڵ دەمایــەوە و خەرجیــی مانەوەیشــی لەســەر دەســەڵاتی عوســمانی دەبــوو.

هەمــوو ئەمانــە دەشــێ هــۆکار بــن و لەپــاڵ ئەوەشــدا دەشــێ نالــی هــەر وەك حــەزی خــۆی، حــەزی کردبــێ لــە ئەســتەنبوڵ بژیــەت و ڕەنگــە لــە ڕابــردوودا کــە لــە شــام و حیجــاز ژیــاوە، ئــەو دەرفەتــەی بــۆ نەڕەخســا بووبــێ.

**٤- نالــی و شــیعرەکانی لــە دیــدی کەســایەتییە کوردەکانــی ســەردەمی عوســمانی**

بەهــۆی ئــەوەی ئــەو ماوەیــەی نالــی لــە ئەســتەنبوڵ بــووە، چ لــە پەنجــاکان و چ لــە حەفتاکانــی ســەدەی نــۆزدەم، دەرفەتــی ئــەوەی بــۆ ڕەخســاوە، تــا ڕادەیەکــی بــاش بنــاسرێ، ئــەم ناسرانــەی وای کــردووە کــە دوای مردنیشــی نــاوی ون نەبێــت و کاریگەریــی کەســایەتیی و شــاعیربوونەکەی لــە زەینــی خەڵکانێــك بمێنێتــەوە. ئەوەنــدەی ئێمــە پێــمان زانــی بــێ، ئــەو کەسایەتییانەی خــوارەوە کــە لــە ئەســتەنبوڵ ژیــاون، یــان پلەوپایەیەکــی بەرزیــان لــە حکومەتــی عوســمانی هەبــووە و ڕاســتەوخۆ بــە ئەســتەنبوڵ، کــە ناوەنــدی دەســەڵات بــووە، پابەنــد بوونــە، بۆیــە نالــی لــە دوای مردنییــەوە تــا نەمانــی خەلافەتــی عوســمانی، بۆتــە باســی ســەرزاری ئــەم کەسایەتییە کوردانــە:

**عەبدولرەحمان ناجم (١٨٣٣-١٨٩٥ز)**

ئــەو کاتــەی ناوبــراو لــە دیاربەکــر ســەرۆکی دادگای ئیســتیئناف بــووە، هێــنری ترۆتــەری کونســوڵی ئینگلیــز لــە چەنــد دەڤەرێکــی وڵاتــی کــوردەواری گــەڕاوە و لــە ئەنجامــی ئــەم گەڕانــەدا ئــەوەی لا گەڵاڵــە بــووە کــە کــورد خوێندەواریــان نییــە و میللەتێکــی دواکەوتــوو و بەجێــماون، بۆیــە ڕاپۆرتێــك بــڵاو دەکاتــەوە و لــە ناوەڕۆکەکەیــدا کــوردان بــە نەفــام و جاهیــل لــە قەڵــەم دەدا، و ئامــاژە بــەوە دەدا کــورد لــە عیلــم و پێشــکەوتن بــێ بەشــن. ئــەم بۆچوونــەی ترۆتــەر دەبێتــە هــۆی دڵتەنگــی و بێزاریــی نووســەر و ڕووناکبیرانــی کــورد، لەوانــە هــەر یــەك لــە کەیفــی جوانڕۆیــی، عەبدولرەحــمان ناجــم و حەســەن زوهــدی لــە ڕێگــەی ڕۆژنامــەی «ترجــمان حقیقــت» بــە جیــا وەڵامــی دەدەنــەوە.

دوای نووســینەکەی کەیفــی، عەبدولرەحــمان ناجم-یــش وتارێــك بــە زمانــی تورکــی بەنــاوی «وەڵامێــك بــۆ کونســوڵی بەریتانیــا» لــە ڕۆژی ١٨٨١/٩/٢٩ لــە ڕۆژنامەکــە بــڵاو دەکاتــەوە و ســەرتاپای نووســینەکە وەڵامــە بــۆ ترۆتــەر و نــاوی زۆر زانــا و شــاعیری کــورد دەهێنــێ و نــاوی نالی-یــش لــە ڕیــزی شــاعیرانی کــورد دەهێنــێ و لــە کۆتایــی نووســینەکەدا شــیعرێکی نالــی دەهێنێتــەوە و دەڵــێ:

هیواداریــن کونســوڵ دوای ئــەو زانیارییانــە، هەڵەکانــی خــۆی ڕاســت بکاتــەوە و بــە هیــچ جۆرێکیــش لێــمان دڵگــران نەبــێ و بــەم ڕســتەیەی نالــی کۆتایــی بــە نووســینەکەم دێنــم:

**بۆچــی نەگریــم ســەد کەڕەتــم دڵ دەشــکێنێ**
**بۆچــی مەی نەڕژێ شیشــە لە ســەد لاوە شــکاوە.**

(ناجم، ١٢٩٨، ٣)

دەبینیــن شــیعری نالــی ئەوەنــدە کاریگەریــی لەســەر نووســەر و کەسایەتییەکی گــەورەی وەك عەبدولرەحــمان ناجــم

داناوە، تەنانەت لە کۆتایی نووسینی نامەیەك بە زمانی تورکی، یان نووسینی ڕۆژنامەنووسیدا وەك گەواهیدان، دێرە شیعرێکی نالی دەکاتە گوڵاو و میسکی کۆتایی نووسینەکەی. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم شیعرە دەبێتە یەکەم شیعری نالی کە دوای سێ ساڵ لە مردنی لە ڕۆژنامەیەکی عوسمانی و لەنێو وتارێکی تورکیدا بڵاو بکرێتەوە.

**ئەمین فەیزی بەگ (١٨٦٢-١٩٢٩ز)**

ئەمین فەیزی بەگ بەر لە نووسینی کتێبە ناودارەکەی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی ئەوسای سەردەمی عوسمانی وتاری بڵاوکراوەی هەن، لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری "کوردستان"دا وتارێکی بەناوی "کردستان بدبخت" نووسیوە، تێیدا باسی لە زمانی کوردی کردووە و لە کۆتاییدا ناوی نالیشی لەگەڵ ناوی ئەو شاعیرانەی کورد هێناوە کە کارەکانیان بە گرنگ تەماشا دەکرێن: "کارە ئەدەبییەکانی مەلا ئەحمەدی جزیری، شێخ ئەحمەدی خانی، زانایەکانی وڵاتی سلێمانی؛ شێخ مەعرووف، شێخ حوسێنی قازی، هەروا بێتەوە کارەکانی نالی و مەولەوی لە سەردەمی ئێستادا لەو کارە گرنگانەن کە بەڕێز و گرنگییەوە تەماشا دەکرێن" (فیضی بگ، ١٣٣٧، ١٢٩). لەلایەکی دیکەوە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین، ئەمین فەیزی یەکێك بووە لەوانەی کە دەستخەتی دیوانی نالی لا هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی دەستخەتی دیوانی نالی پێشکەشی عەلی ئەمیری دیاربەکری کردووە و لە لای چەپی لاپەڕەی یەکەمدا نووسیویەتی: "فاضل عالیجناب علی امیری افندی یە حضرتلرینە عرض و تقدیم اولونمشدر، فی ١٧ حزیران سنە ١٣٣٨، متقاعد میر آلای سلیمانیەلی امین فیضی" (نالی، دەستخەتی دیوان، ٦٥٠).

**محەمەد میهری (١٨٨٥-١٩٥٧ز)**

محەمەد میهری لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی ژین-ی ئەستەنبوڵدا لە پەراوێزی لێکدانەوەی شیعرێکی نالی، ئاماژە بەوە دەکات کە شیعرەکانی نالی تێکەڵەیەکە لە شێوەکانی کورد، بلباس و کرمانج و شێوەیەکی تایبەت و خۆشە، لەبەر ئەو هۆیە نالی شاعیرێکی نەتەوەییە و شاعیری تیرەیەك یان تەنیا هی سلێمانی نییە. بەو بۆنەوە لە کتێبی «طبقات ادبای اکراد» دا(٧)، باسی ژیانی شاعیری خوالێخۆشبوو و موحتەرەم دەخرێتە ڕوو (م، ١٣٢٤، ١٠). هەروەها لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «مقدمة العرفان» کە لە ساڵی ١٩١٩ بە زمانی تورکی چاپ کراوە، کتێبەکە ئەگەر چی تایبەتە بە زمانی کوردی شێوەزارەکانی، بەڵام هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا محەمەد میهری سەرسامیی خۆی بە نالیی شاعیر ناشارێتەوە و تەنانەت بە مامۆستا و پێشەنگی خۆی دادەنێ. لەم ڕووەوە دەڵێ:

«لەم دونیایە فانییەدا، ئاکامەکەی هەموو کەس ڕێبوارە، بۆ هەر ڕێبوارێکیش پاشین و جێگرەوەیەك و پەیڕەوێکی پێویستە. من لەنێو تەواوی بژاردەی خاوەن بیر و زانستمەندان و کەسانی خاوەن زانست و بەصیرەتدا، تاجی سەری ئەدیبانی کورد و بەڵکو وەستای تاکانەی نێو جیهانی شیعر، خوالێخۆشبوو «مەلا خدری نالی» م کردۆتە پێشەوای خۆم. لەو سۆنگەیەوە و هۆکاری ئەمەش ئەو فەرمایشتەیە کە دەفەرموێت **(الْأَرْوَاحُ جُنُودٌ** مُجَنَّدَةٌ.....هتد)(٨) واتە رووح سەربازگەلی ڕێکخراون و دەتوانن پەی بە شتەکان ببەن و بە گوێرەی پێویستی کار و مەسەلەك و بیر و نزیکی و سرووشتی ئەدەبییان لێکچوون هەن. بەڕاستی باسکردنی بیر و هزری ئەو جۆرە زاتانە بێگومان جێگەی شانازی و سەرفرازییە. لەژێر ڕۆشنایی گوتەی (خیر **الكلام ما قَلَّ وَدَلّ)** واتە باشترین گوتە ئەوەیە کورت و مانادار بێ، ئەوا سەبارەت بە وەستایی و تایبەتمەندیی ئەدیبمان بەڕێز نالی، لە یەك دوو دێری شیعری ئەودا ئەو توانا و ویژدان و مەعریفەت و کۆگای هیممەتەدا دەردەکەوێت.

جا شێواز و تەرزی هەر کەسێکیش وەکوو ڕووحێك کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئەو کەسە دادەنێت، ئەمەش وەك ڕووناکی و نوورێك دیار و ئاشکرایە. ناوبراو نالی لە ماوەی ژیانیدا بە هزر و تێڕامانی خۆی بۆتە ئەو ڕابەرە و بە قسەی سواو و بێ کەڵك و بێ واتا خۆی خەریك نەکردووە، تەنانەت وازی لە خۆشییەکانی دونیاش هێناوە و نەفسی خۆی لە بەرامبەر خواردن و خواردنەوەش ڕاهێناوە و بەو هۆیەشەوە کەسێکی لەڕ

و لاوازی لێ دەرچووە و لەبەر ئەوەش بۆتە جێی تانە و لۆمەکردنی دۆست و خۆشەویستانی. جا لەو بارەوە لە چەند دێرە شیعری غەزەلێکدا وەڵامی ئەو دۆستانەی خۆی دەداتەوە کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو و تەرجەمەیان دەکەین:

**گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم**
**من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم**
**نەوعە ئینسانێك هەیە غەم قووتییە**
**من غەمی خۆم و غەمی غالەم دەخۆم**
**غەم دەڵێ نالی کە غەمخواری نەکا**
**ناعیلاجم من بەنیئادەم دەخۆم**

واتاکەی: ئێوە لەبەر کەمخۆری و کەم خواردنەوەی من سەرتان سوڕ نەمێنێ و لێم نەپرسن و وا نەزانن کە من برسیمە، چونکە من خەم دەخۆم و بێگومانیش هەندێك کەس هەن تەنیا بە خەم دەبنە خاوەن قووت و پێی دەژین. منیش بە خەمی خۆم و بە خەمی خەڵکیش دەژیم، بۆیە زیاتر لە هەر کەسێکی دەخۆم، بەتایبەتی پێی دەڵێت: ئەی نالی ئەگەر تۆ من نەخۆیت، ئەوا ناچارم خەڵکی بخۆم" لە بەرامبەر ئەو هەڕەشەکردنەی خەم، ناچارم لە خۆم زیاتر و لە وزەی خۆم زیاتر خەمان بخۆم. ئا ئەمەیە ڕێگای ئوستاد! (مهری، ١٣٣٦، ٢)"

لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری کوردستان- یش کە خۆی خاوەنی بوو، لە وتاری "مزایا واستعداد فطریمز"، دوای ناوهێنانی هەندێ زانای کورد، ناوی چەند ئەدیبێکی کوردیش دەهێنێ، وەك بێتووشی، بەردەشانی، حەریری، جزیری، نۆدەهی، خانی، کوردی، نالی، ڕەزا (مهری، ١٣٣٧، ٢٥)، پێی وایە ئەوانە یەکانە پیاوی ڕۆژهەڵات و دونیان و ناوبانگیان بۆتە هۆی ڕازاندنەوەی مێژووی کورد.

**کەمال فەوزی هیزانیزادە (١٨٩١-١٩٢٥ز)**

ئەم نووسەر و کەسایەتییە کوردە، لە وتارێکیدا بە تورکی لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری کوردستان-ی ئەستەنبوڵدا کە بە زمانی تورکی نووسیویەتی، ئاماژە بە پێشکەوتنی گەلانی تر دەدات و داوا دەکات کە گەنجەکان هۆشیار بن و ئاگاداریی نووسەر و زاناکانی پێش خۆیان بن، جا بە جۆرێك لە نائومێدییەوە دەڵێ: ئێمە ئەگەر دیوانی نالی بۆ خەڵکی عەوام بەجێ بێڵین، ئایا چەند گەنجی کورد دەتوانێ لێی تێبگات؟ بۆیە دەبێ ئەمڕۆ گەنجان خۆیان فێری عیلم و عیرفان بکەن و لەوە بترازێ هیچ چارەسەری تر نییە (فوزی، ١٣٣٧، ٢٨). لەمەوە دەردەکەوێت نووسەرانی کورمانجی ئاخێوەریش سەرسامی خۆیان بە نالیی شاعیر نەشاردۆتەوە.

**عەلی عیلمی فانیزادە (١٨٧٧-١٩٦٤ز)**

لە کتێبی ١٥٠ نامەی عەلی عیلمی کوڕی عەبدولباقی محەمەد فانی(٩) بۆ ڕەزا تۆفیق، لە نامەیەکیدا باس لە کەسایەتیی نالیی شاعیر دەکات. عەلیی عیلمی(١٠) یەکێکە لەو کەسایەتییە کوردانەی کە لە سەردەمی خۆیدا خۆی و برا و بنەماڵەکەی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە و ناوبراو سەرسامبوونی خۆی بە نالی و شاعیرانی دیکە ناشارێتەوە. لە نامەیەکی ئەدەبیدا بە زمانی تورکی، کە لە ١٨ی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ەوە نووسیویەتی، دوای باسکردنی چەند لایەنێکی ئەدەبی و ناوهێنانی چەند کەسایەتییەکی تورك، ئاماژە بە نالیی شاعیر دەکات و دەڵێ:

نالی سولەیمانییەلی شیعرێکی بۆ ئەحمەد پاشای کوڕی سولەیمان پاشای بابان نووسیوە، شیعرێکی کوردیی شیوەن و حەزین و پڕ لە واتا، کە ئەوەی لەبیرم مابێ ئەم دوو بەیتانەن کە دەڵێ:

**ئەی جامیعی دونیا و قیامەت بە خەیاڵات**
**ئەو ڕۆژە کە مردی نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو**
**عومرێکی دە بێزار و تو ئومێدی درێژە[11]**
**ئەمڕۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو، نەدەمت بوو**

واتە: ئەی ئەو کەسەی کە بە خەیاڵات دونیا و ئاخیرەتت لێك داوە، ئەو ڕۆژەی دەڕۆی چیت بەجێ هێشت نە دونیاشت بوو و نە قیامەت، بەهۆی درێژی و تووڵی ئەمەلەوە تەمەنت بە بێزاری بردە سەرە، ئەمڕۆ نە ئەو بەردەوامییەت هەیە و نە هەناسەت ماوە و هەر پەشیمانیشی!(Uçman,٢٠١٢, ١٢٤))

**مەسعوود فانی (١٨٨٩-١٩٧٩ز) (١٢)**

مەسعوود فانی لە فەڕەنساوە نامەیەکی کراوە بۆ زەینەلعابیدین خاکیی ئەفەندیی (١٢) برای دەنێرێ و تێیدا

ماجەرای خۆی لەگەڵ دوو کچی فەڕەنسی باس دەکات، ئەو نامەیە لە ساڵی ١٩٢٩ەوە نێردراوە و دواتر لە گۆڤاری زاری کرمانجی لە ڕواندز بڵاو بۆتەوە لە نامەکەدا باسی نالی و شاعیرانی کورد دەکات. ئەو بەشەی کە باسی شاعیرانە بەم شێوەیەیە: لە نفووس و ژیان و پیشە و کار و گوزەران و ڕەوشت و خووی ژنان و هەستان و دانیشتن و سنعەت و ئەدەبیات و خۆشخوانی و دەنگبێژی کوردستانیان یەك بە یەك لێ پرسیم. لەو دەمەدا خۆم بە قوتابییەکی مەکتەب، یان بە موعەلیمێکی مادوموازلی هاتە بەر چاوم، پێیانم گوت کە لە ساڵی ١٨٧٩ دا لە کوردییەوە بە فەڕەنسایی وەرگێڕاو (تەرجەمەکراو) قامووسێکم بە کوردی دی. تەقلیدی کەمەترانەیی کوردیم بۆ کردن. خۆبەخۆیی گوتیان دەبێ ئەمە والی بێ! لە ئەدەبیاتی کوردان دوام، لە هەڵبەستی وەفایی، حەریق، ئەحمەدی کۆر، ئەدەب، نالی، کوردی، خەیاڵی، مەولەوی، مەحوی، سالم، عەلی عاشق، ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، فەقێ تەیران، بابا تاهر، شێخ رەزا، ئەوانە هەر یەك چتێکم بۆ خوێندنەوە و گوتم سینگت گوڵی باغە، گوتی وسکت کە یاساغە! گوتم مەمکت گوتی لیمۆ! ئەو چەند پیتەیان گەلێك پێ خۆش بوو تەمای دووبارەکردنەوەیان کرد و دەستیان نەکەوت، بە سۆزەیەکی خۆش نووزەیەکی خۆشخوانیان دەست پێ کرد موەفەق نەبوون، ئەوجا تکایان لێ کردم ئەمجا گوتم. گوتیان ئەوە لە فەرەنگ مەئاب دەچێ. (زاری کرمانجی، ١٩٢٩، ١٣)

**٥-نالی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی عوسمانی**

لە ژمارە ٣ ی گۆڤاری ڕۆژی کورددا، ساڵح بەدرخان (١٨٧٥-١٩١٥ز)(١٣) وەك وەڵامێك بۆ نووسینێکی عەبدوڵڵا جەودەت، کە لە ژمارەی پێشووتردا ئاماژەی بەوە دابوو کورد ناتوانن مێژووی خۆیان بنووسنەوە و ڕەخنەی لەو بارەوە لە کوردان گرت بوو، ئیتر ساڵح بەدرخان وتارێك بە زمانی تورکی لەو بارەوە دەنووسێ و تێیدا ئاماژە بە هەندێ لە مێژوونووس و شاعیرە ناودارەکانی کورد دەکات و لە هەمان ژمارەدا وتارەکە بە کوردیی کورمانجیش دەنووسێ، تێیدا دەڵێ: "هون دزانن گەلێ کوردنۆ! چ قا عالم و خوەندا، شاعیر و میرێن مەزن و ژێهاتی ژ مە ژی دەرکەتنە؟ لێ هەر مە ناوێ وان نەگرتییە، قەدرێ وان نەزانییە، ئەو ژی هەر ژ کوردانێ دەرکەتنە، قەومێ دیرەمانە.. عالمێن قەدر مەزن وەکە شێخ الاسلام ابو السعود، مەلایێ جزری (شێخ احمد) مەلایێ گۆرانی، حەریری، شاعیرێن مەزن وەکە نالی حەریقی، کوردی، ئەحمەدی خانی، شێخ رەزا، حاجی قادر، موئەریخین مەشهوور ابن الاثیر، ابو....الخ، حەمی ژ کرمانجێتینە هاتنە و کرمانجا تو جار وا ناس نەکرنە.. تاریخەك مە نویستی تونە.....) (بدرخان، ١٣٣١أ، ٢٥) لە وتارە تورکییەکەی هەمان ژمارەدا کە دێتە سەر باسی شاعیرەکان وردتر باسی نالی دەکات، کاتێ دەڵێت: "لە ڕابردووی کوردانـدا مێژوونووس و زانای زۆر هەبوون، بەڵام لەبەر نەبوونی مێژوویەکی دروست، ژیانی ئەوانە نەنووسراوەتەوە، لەوانە: ئەبوسعوودی شێخولئیسلامی بە ناو و دەنگ، ئیبنولئەسیر و ئیبنولفیدای دیرۆکنووس، مەلای گۆرانی، شێخ ئەحمەدی جزیری، حەریری گەورەی زانایان، فزوولی، نەفعی، ئەحمەدی خانی، مەولەوی، کوردی، حەریق، نالی ]کە هەتا دوێنێش لەناوماندا بوو و هەموومان دەیناسین[.) (بدرخان، ١٣٣١ب، ٨) لەم وتارەدا زۆر بە ئاشکرایی کوردێکی کورمانج ئاگاداری نالییە و تەنانەت ئاماژە بەوە دەدا کە هەم تا دوێنێ لەناویاندا بووە و هەمیش هەموویان دەیناسن، ئەم وەسفە لەنێو ئەو شاعیرانەی باس کراون، تەنیا بۆ نالی بووە، ئەمەش گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە. لە لایەکی ترەوە ئەم یەکێتییە لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانی دەبینرێ، بۆ وێنە هەر لەم گۆڤارەدا خەلیل مودانی لە دوو نووسیندا شیعری حاجی قادری کۆیی بە نموونە هێناوەتەوە. وێڕای ئەمە هەر تەنیا لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا نۆ شیعری نالی وەك بڵاوکردنەوەی بەشێك لە دیوانەکەی بڵاو کراوەتەوە.

لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری هەتاوی کورد-دا، کەسێك بەناوی "بنی آردلانی ا. م" وتارێکی بەناوی "خەفتن بەسە لەمە زیاتر" نووسیوە و تێیدا بانگی خەڵکی شاری سنە دەکات بەوەی لە خەو هەڵسن و داوای کردنەوەی قوتابخانە بکەن، ڕەخنە لە زانا و ناودارانی شارەکە

دەگــرێ کــە لــەو بــوارەدا کەمتەرخەمــن، ئەنجــا ئــەم دێــرە شــیعرەی نالــی دەهێنێتــەوە، بــێ ئــەوەی ئامــاژە بــەوە بــدات کــە هــی نالییــە:

**هــەر جۆگــە و جێگێکــی کــەوا ســوور و ســوێر بــێ**
**جێــی جۆششــی گریانــی منــە و خوێنــە ڕژاوە**

(بنی اردلانی، ١٩١٣، ٢٣)

هــەر لــەم ژمارەیــەدا نووســەرێك بــە نــاوی «ت.» کــە بــۆی هەیــە «تۆفیــق- پیرەمێــرد» بــێ، وتارێکــی بــە تورکــی بــە نــاوی ‹کــرد گنجلمــرزدن بــر تمنــی› هاتــووە، تێیــدا بــاس لــە خەمــی زارەکانــی کــوردی دەکات کــە کەســێکی خەڵکــی دیاربەکــر لــە کەســێکی بابــان حاڵــی نابێــت و زمانــی کــوردی وەك زمانــی تورکــی خوێنــەری نییــە و تەنانــەت خەڵــك گۆڤــاری کوردییــش کــەم دەخوێنێتــەوە. جــا دوای باســکردنی ئــەو نموونانــە دەڵــێ: «شــیعرە بەهادارەکانــی نالییــش بــە شــاراوەیی ماونەتــەوە» (هەتــاوی کــورد، ١٩١٣، ٨) ، بــەو واتایــەی کــەس گرنگیــان پــێ نــادا و نایانخوێنێتــەوە و نیشــان نادرێــن. هێنانــەوەی نالییــش وەك نموونەیــەك لــە نێــو هەمــوو ئــەو شــاعیرانەدا نیشــانەی ئامادەیــی شــیعری نالییــە لەنێــو هەنــدێ دەســتەبژێرانی کــورد و وێــڕای ئەمــەش خەمخواردنــە لــەوەی کــە شــیعرەکانی نالــی وەك شــیعری شــاعیرانی نەتەوەکانــی دەوروبــەر نەناســێنراون.

لــە ژمــارە (٤)ی هەمــان گۆڤــاردا بابەتێکــی "دیاربکرلــی م. ن" بەنــاوی "اویــان- واتــە لەخــەو هەڵســە" دەبینرێــت، کــە تێیــدا دوای ئــەوەی بــە زمانێکــی ئەدەبیــی بــەرزی تورکیــی نموونــە دێنێتــەوە بــۆ ئــەوەی گەلــی کــورد لێــی ڕابمێنــێ و بــەو هۆیــەوە هۆشــیار بێتــەوە، ئەنجــا دەنووســێ: ئــەو ئەســتێرانەی کــە تــۆ دەیبینــی، ڕەزایــەکان، نالییــەکان، عەبدولقــادرەکان، ئەحمــەدی خانییەکانــن بــۆ ئێــوە دەگریــن (اویــان، ١٣٣٢، ١٤). لەمەشــدا نووســەر نــاوی نالــی لەپــاڵ حاجــی قــادر و شــێخ ڕەزا و ئەحمــەدی خانــی هێناوەتــەوە. ئەگــەر چــی نووســەرەکەش خەڵکــی دیاربەکــرە، بــەڵام نالــی لەپــاڵ شــاعیرەکانی تــردا کاریگەرییەکــی ئەوتــۆی هەبــووە کــە نموونــەی پــێ بهێنرێتــەوە.

لــە ژمــارە (١)ی گۆڤــاری بانگــی کــورد-دا، لــە ١٢ی ڕەبیعــی یەکەمــی ســاڵی ١٣٣٢ی کۆچــی (١٩١٤/٢/٨ز) دەرچــووە، دوو شــیعری نالــی بــڵاو کراونەتــەوە، بــە نــاوی "دیــوان شــاعر شــهیر حضرت نالــی" شــیعری "ڕەقیــب و موددەعــی فیتنــەی عەلاقــەی چــاوی جادووتــن" و دواتــر شــیعری "زولفــت لــە قەدتــدا کــە پەرێشــان و بــڵاوە" چــاپ کــراون، بــێ ئــەوەی هیــچ ســەرنج و وەرگێڕانێکیــان لەســەر کرابــێ (بانگــی کــورد، ١٣٣٢، ٢١-٢٢).

لــە ژمــارە (٢)ی هەمــان گۆڤــاردا نووســینێکی شــوکری فەزڵــی بــە زمانــی تورکــی بــە نــاوی "ادبیــات اکــرادە بــر نظــر= ســەرنجێك لەبــارەی ئەدەبیاتــی کــوردان" هەیــە، تێیــدا باســی ئەدەبیاتــی کــوردی دەکات و لەنێویــدا نــاوی ئەحمــەدی خانــی و مەولانا خالیــد و نالــی و سالم و کــوردی و چەنــد شــاعیرێکی تــر دەهێنــێ، کــە نــاوی نالــی لــە ڕیزبەندییەکــەدا ســێیەم شــاعیرە (الفضلــی، ١٣٢٩، ٢٧).

لــە ژمــارە (٧)ی گۆڤــاری (ژیــن)دا، (قــازی لەتیــف) باوکــی دکتــۆر مســتەفا شــەوقی قازیــزادە، شــیعرێکی دەرهەقــی ناودارانــی کــورد نووســیوە و لەنێویــدا نــاوی نالیشــی هێنــاوە، لــە شــیعرەکەدا کــە بــەم دێــرە دەســت پــێ دەکات:

**شاعیری کوردان مەکەن بەحسی عوزار و زولفی یار**
**بەحسی بەحسێکی بکەن بۆ کورد، لەمەوپاش بێتە کار**

تا دەگاتە:

**با خصوص شاعیر لەوان بەندە کەمێ تەعداد بکەم:**
**مستەفا بەگ، شێخ ڕەزا، نالی، وەفایی و چاومار**

(لطیف، ١٣٣٤، ١٥)

لــە ژمــارە (٣)ی گۆڤــاری کوردســتان-دا، عــزت ملیــح ناوێــك لــە وەڵامــی وتارێکــی ڕۆژنامــەی "آتــی" کــە دژی ســەید عەبدولقــادری نەهــری نــووسراوە، وتارێکــی درێــژی ســێ لاپەڕەیــی نووســیوە، لــە کۆتاییــدا نەیارەکانــی ســەید عەبدولقــادری بــە ســەگ چوانــدووە و ئامــاژەی بــەوە داوە کــە "لــە کۆتاییــدا ئــەم دێــرە شــیعرەی شــاعیری بەڕێــز نالی-تــان پێشــکەش دەکــەم کــە دەڵــێ:

**عاجــز مەبــە قوربــان لــە درۆ و ئیفکــی ڕەقیبــان**
**دونیــا بــێ دەبــێ ســەگ بــوەڕێ تولــە بــکا کــەف**

(ملیح، ١٣٣٧، ٣٢)

ئەگەرچــی شــیعرەکە لــە دیوانەکــەی نالیــدا "دونیایــە دەبــێ ســەگ بــوەڕێ شــیعە بــکا ســەب"، بــەڵام وا دیــارە پشــت بــە نوسخەی تــر بەســتراوە.

لــە ژمــارە (٢٢)ی گۆڤــاری ژیــن-ی ئەســتەنبوڵدا، بەیاننامــەی کۆمەڵــەی هێڤــی تەڵەبــەی کــوردان بــە تورکــی بــڵاو کراوەتــەوە

و تێیـدا ئـەوە خراوەتـە ڕوو کـە یەکێـك لـە ئامانجەکانـی کۆمەڵەکـە چاپکردنـی دیـوان و بەرهەمـی شـاعیرانی کـوردە، لـە دوای چاپـی مـەم و زینـی ئەحمـەدی خانـی، نـاوی نالیـی شـاعیر هاتـووە و پاشـان نـاوی شـەش شـاعیری تـر هاتـوون و ئـەو بەڵێنەیـان داوە کـە ئـەو دیوانانـە چـاپ بکـەن (ژیـن، ١٣٣٥أ، ١٢).

لـە ژمـارە (٢٣)ی هەمـان گۆڤـاردا، ئەمیـن فەیـزی دوای ئـەوەی وتارێـك بـە زمانـی تورکـی لەبـارەی بابانـەکان دەنووسـێ، لـە کۆتایـی نووسـینەکەیدا ئامـاژە بـەوە دەدا کـە مەرحـووم نالـی ئەفەنـدی لـە هەمبـەر دیمەنـی سـوپای بابانـدا هەسـتی شـاعیرانەی جـوڵاوە و شـیعرێکی نووسـیوە و منیـش ئـەو چەنـد بەیتـەی دەکەمـە کۆتاییـی نووسـینەکەم (فیضـی، ١٣٣٥، ٥-٨). ئەنجـا شـیعری "ئـەو تاقمـە مومتـازە"ی نالـی هێناوەتـەوە.

لـە ژمـارە (٢٥)ی هەمـان گۆڤـاردا شـیعری "بیـدی مەجنوونـە وجـوودم"ی نالـی بـڵاو کراوەتـەوە. بـەڵام ئـەوەی جێـی سـەرنجە لـە پێشـەکیی شیعرەکەدا بـە تورکیـی ئامـاژە بـەوە دراوە کـە ئـەم غەزەلـەی نالـی لـە لایـەن حەزرەتـی شـیخ الفضـلاء محەمـەد فانـی ئەفەندییـەوە کراوەتـە دیـاری، کـە مەبەسـتی محمـد فانیـزادەی سـلێمانییە (ژیـن، ١٣٣٥ب، ٢١).

لـە ژمـارە (١٦)ی گۆڤـاری کوردسـتان-دا، شـیعری "ئـەی جیلـوەدەری حوسـن و جلەوکێشـی تەماشـا" بـڵاو کراوەتـەوە، بـێ ئـەوەی هیـچ وەرگێڕانێکـی بـۆ بکـرێ (کوردسـتان، ١٣٣٥).

**٦- ئەنجام**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- نالـی لـە دیـدی کەسـایەتییە کوردەکانـی سـەردەمی عوسـمانیدا بـە کەسـێکی کاریگـەر حسـێب کـراوە و، لـەو ڕوانگـەوە لای کوردانـی کورمانجـی ئاخێوەریـش لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی ئەوسـادا شـیعرەکانی بـە نموونـە هێنراونەتـەوە و ئـاخ هەڵکێـشراوە کـە هەمـوو کـورد لێـی تـێ ناگـەن.

٢- نالـی پێـش ئـەوەی بچێتـە شـام، لـە ئەسـتەنبوڵ ماوەتـەوە. بەشـێکی زۆری سـاڵانی چلەکانـی سـەدەی نـۆزدە تـا سـاڵی ١٨٥٢ نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ دانەبـڕاوە و ئەمـەی دەبێتـە قۆناغـی یەکەمـی ژیانـی نالـی لـەو شـارەدا.

٣-نالـی لـە ڕێـی ئەحمـەد پاشـای بابانـەوە بـە دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی نەناسـێنراوە، بەڵکـو نالـی زۆر پێـش ئەحمـەد پاشـا لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە.

٤- لەنێـو ئـەو کاربەدەسـتانەی عوسـمانی کـە پەیوەندییەکـی بەتینیـان لەگـەڵ نالـی هەبـووە، ئەحمـەد کەمالـی ناظیـری مەعاریفـی عوموومییـە و ئەسـعەد ئەفەنـدی نەقیبولئـەشراف بـوون، کـە لـە هەردووکیانـدا پەیوەندیـی نالـی بـە لایەنـی زانسـتی و پەروەردەییـەوە ئاشـکرا دەکـرێ.

٥- ئـەو شـیعرەی نالـی کـە بـۆ صیبغەتوڵـڵای ڕوودبـاری نووسـیوە، بەگوێـرەی دۆزینـەوەی دیوانەکـەی، نـاوی صیبغەتوڵڵایـە و نازنـاوی شـیعری "نووری"یـە و دیوانەکـەی ئێسـتا بەردەسـتە و چـاپ نەکـراوە؛ ناوبـراو لەگـەڵ نالـی لـە ئەسـتەنبوڵدا یەکتریـان دیـوە.

٦- سـلێمان کاتبـی شـاعیری سـەردەمی بابـان، کاتبـی عـارف حیکمەتـی شێخولئیسـلام بـووە و ئـەو کاتـەی نالـی لـە ئەسـتەنبوڵ بـووە ئەویـش لـەوێ بـووە و دەسـتخەتی بەرهەمـی "مناظـر الانشـاء"ی نالـی بـە دەسـتی کاتـب بـۆ ئەحمـەد کەمالـی ناظـری مەعاریـف نووسراوەتـەوە.

-لـە سـەفەری یەکەمـی نالیـدا بـۆ ئەسـتەنبوڵ، هێشـتا کەیفـی و حاجـی نەچوونەتـە ئـەوێ، بۆیـە ئەگـەر هـەر دیدارێـك لەنێوان نالـی و شـاعیرانی وەك حاجـی و کەیفـی و.... هتـد هەبووبـێ، دوای سـاڵی ١٨٧٣ بـووە.

-دوای مردنـی نالـی، شـەش نووسـەر و کەسـایەتیی کـوردی پارچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان و نیشـتەجێی ئەسـتەنبوڵ، زیـاد لـە شـازدە جـار لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە جیاوازەکانـی سـەردەمی عوسـمانی باسـی نالییـان کـردووە و شـیعری ئەویـان هێناوەتـەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەم وردەکارییەش لە بڕگەکانی دادێ باس دەکرێت.

(٢) ئەسعەد ئەفەندی ناوی خۆی محەمەد کوڕی ئەحمەد ئەفەندییە و لە شیعرەکانیدا نازناوی "ئەسعەد"ی بۆ خۆی بەکارهێناوە، لە ١٧٨٩/١٢/٦ لە ئەستەنبوڵ لەدایک بووە و بنەماڵەکەی خەڵکی گوندێکی ناوچەی عەرەبگیری مەلاتیان، بۆی هەیە بنەماڵەکەیان کورد بووبن، چونکە بەشی زۆری مەلاتیە کوردن. لە زوودا کۆچیان کردووە بۆ ئەستەنبوڵ و باپیری لە حەوشەی مزگەوتی ئایاسۆفیا تەسبیحفرۆش بووە. باوکی کتێبفرۆشێکی بەناوبانگ بووە و بە شێخی کتێبفرۆشان ناسراوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەسعەد ئەفەندی بە "سەحافلەر شێخزادە" ناوبانگی دەرکرد. ساڵی ١٧٩٦ ئەو کاتەی باوکی بۆتە قازی لە قودس، ئەویش ئەو ساڵە لەگەڵی ماوەتەوە و لەوێ و پاشان لە میسریش فێری عەرەبی بووە و لای باوکی و چەند مامۆستایەکی تری تایبەت دەرسی خوێندووە، دواتر کە گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ خۆی بۆ خوێندن تەرخان کردووە و ساڵی ١٨٠٨ بە پلەی ئیبتیدا- خاریج و ساڵی ١٨١٥ بە پلەی داخیل دەستی بە مامۆستایەتی کردووە و ساڵی ١٨١٩ پلەی مودەڕیسایەتییەکەی بۆ موصیلە-صحن بەرزکرایەوە. دواتر لەبەر دەستکورتی و هەژاری، وازی لە مودەڕیسایەتی هێنا و بووە نائیبی ئاداپازار و دواتر مەکتووبچی مەشیخەت. دوای وەرگرتنی چەند پلەوپایەیەکی تر، ساڵی ١٨٣١ بووە سەرۆکی نووسەرانی یەکەم ڕۆژنامەی تورکی بەناوی تقویم وقائع، دواتر سەرپەرشتی ئیدارەی چاپخانەی عامیرەی پێ سپێردرا و ساڵی ١٨٣٥ بە شێوەی کاتی وەك باڵوێز ڕەوانەی ئێران کرا بۆ پیرۆزبایی لە فەتحعەلی شای ئێران. دواتر دەگەڕێتەوە و چەند پۆستێکی تر وەردەگرێت. ساڵی ١٨٤١ دەبێتە نەقیبولئەشراف و تا مردنی ئەو نازناوەی هەر هەبوو. ساڵی ١٨٤٥ دەبێتە ئەندامی کاتیی لیژنەی چاکسازی لە قوتابخانەکانی صبیان لەنێو بابیعالیدا. ساڵی ١٨٤٧ دەبێتە یەکەم ناظیری مەکاتیبی عموومی. لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٨٤٧ بۆتە سەرۆکی ئەنجومەنی مەعاریفی عموومی کە ئەمە دوا کاری بوو و لە ١٨٤٨/١/١١ لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کرد. لە باخچەی ئەو کتێبخانەیەی کە لە تەنیشت کۆشکەکەی لە یەریباتانی ئەستەنبوڵ دروستی کردبوو بە خاك سپێردرا. ناوبراو بەرهەمێکی زۆری شیعر، نووسین و وەرگێڕانی لەپاش بەجێ ماوە. YILMAZER ,١٩٩٥,٣٤١-٣٤٥) ). ئەوەی گرنگە لە ژیانی ئەسعەد ئەفەندی ئەوەیە ناوبراو عاشقی کتێبی دەستنووس بووە، لە ماوەی ژیانیدا نزیکەی چوار هەزار دەستنووسی کۆ کردۆتەوە و کتێبخانەیەکی دامەزراندووە و کردوویەتیە وەقفێك بۆ خەڵك. لە ساڵی ١٨٤٦ بناغەی کتێبخانەکەی دانا کە تێیدا هەموو ئەو کتێبانەی خستە ناوی کە بەدرێژایی ژیانی کۆی کرد بوونەوە. ئەگەر چی نەتوانرا دەستبەجێ کتێبخانەکە بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو عەتییەی سەنییەی کە بریتی بوو لە ٣٠ هەزار قرووش پێی درا، چەند مانگێك بەر لە مردنی کتێبخانەکەی تەواو کرد و وەسیەتی کرد کە کتێبەکانی لە کتێبخانەی ڕاغیب پاشا دابنرێن. ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی ئەسعەد ئەفەندی لە ساڵی ١٨٦٣ دا ٣٩٨٢ و لە ساڵی ١٨٧٧دا ٣٨٥٨ کتێب بووە و لە سەرژمێریی ساڵی ١٩١٠ دا ٣٩٤٣ کتێب بووە و بەشی زۆری مۆری سەر کتێبەکان، ساڵی ١٨٤٧ یان لەسەر نووسراوە. ئەمڕۆ کتێبخانەکەی ئەسعەد ئەفەندی زیاتر لە ٤٢٧٤ کتێبی تێدایە کە ٣٧١٩ کتێبیان دەستنووس و ٥٥٥ یشیان کتێبی چاپ کراون. ئەو لەبەر ئەوەی خۆی نووسەر و شاعیر و مێژوونووس بووە، بەرهەمی باشی کۆ کردۆتەوە و ئەو دەستنووسانەی کە لەسەر دەستی ئەو کۆ کراونەتەوە و پارێزراون، دەستنووسی زۆر زۆر گرنگن .(Çavdar ١٩٩٥,٣٤٧,Karatepe)

(٣) وا دیاربوو فەرمانبەرانی فەرمانگەی ئەرشیڤی عوسمانی لە بەشی پوختەی ئەم بەڵگەنامەیە هەڵە بەڵگەنامەکەیان خوێندبۆوە و لەجیاتی نالی، نابی ئەفەندییان نووسی بوو. دوای ئەوەی لە بەڵگەنامەکە ورد بووینەوە، لە هەردوو لاپەڕەکەدا ناوی نالی ئەفەندی و ناوی شاری سلێمانی بەڕوونی دیار بوو.

(٤) لە بەڵگەنامەیەکدا کە دوای کۆچی دوایی ئەحمەد پاشا لە دۆسیەی برایەکانیدا هاتووە، کە ئەم پارەیە لە ٢٢ی مارتی ساڵی ١٢٦٢ی ڕۆمی (کە دەکاتە بەرامبەری ١٨٤٦/٤/٣ز) بۆ ئەحمەد پاشا تەرخان کرابوو. بڕوانە (ŞD.000309.0000.085)

(٥) مامۆستا مەسعوود محەمەد پێی وایە هاوڕێیەتیەکەی ئەستەنبوڵی نێوان نالی و ئەحمەد پاشا هی ماوەی دوای گەڕانەوەی ئەحمەد پاشا بووە لە پاریس (محەمەد، ٢٠٠٧، ٢٧). فەرهاد شاکەلییش هەمان بۆچوونی هەیە کە دوای ئەوەی ئەحمەد پاشا لە پاریسەوە گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ، نالی لە شامەوە چووە بۆ لای (شاکەلی،٢٠١١، ٢٠). نەجاتی عەبدوڵڵا پێی وایە ئەمە گریمانەیەکی بێهێزە و مادەم بەپێی سەرچاوەکان نالی و ئەحمەد پاشا ماوەیەکی زۆر لە ئەستەنبوڵ بوونە، ئەوا هەر دەبێ ماوەی ئەم هاوڕێیەتییە لەنێوان ساڵەکانی ئاخر و ئۆخری ١٨٤٨ و کۆتایی ١٨٥٢ بێت، چونکە هیچ ڕێی تێناچێ نالییەکی ئاوا نزیك لە ئەحمەد پاشا لەم هەموو ماوە ئاوارەییەدا کە ئەحمەد پاشا تازە لە کوردستان هەڵقەنراوە بۆ ئاوارەیی و نالی پێشتر لە ئاوارەییدا بووە نەچوو بێتە لای ئەحمەد پاشا (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٣٤).

(٦) ئەم مێژووە بۆ یەکەم جارە بە ڕۆژ و مانگ ئاشکرا دەکرێت.

(٧) ئـەم کتێبـەی محەمـەد میهـری نادیـارە و وا دیـارە بەنیـاز بـووە کتێبێـك لـەو بـارەوە بنووسـێ و کەرەسـتەی بـۆ کـۆ کردۆتـەوە.

(٨)فەرموودەکـە بـەم جۆرەیـە: عَـنْ عَائِشَـةَ، رضى اللـه عنهـا قَالَـتْ سَـمِعْتُ النَّبِـيَّ صلى اللـه عليـه وسـلم يَقُـولُ « الأَرْوَاحُ جُنُـودٌ مُجَنَّـدَةٌ، فَـمَا تَعَـارَفَ مِنْهَـا ائْتَلَـفَ، وَمَـا تَنَاكَـرَ مِنْهَـا اخْتَلَـفَ ». رواه البخـاري : ٣٣٣٦

(٩) عەبدولباقی محەمـەد فانـی کـوڕی ئەحمـەد عینایەتوڵڵا ئەفەندیـی زانـا و بازرگانـی سـلێمانییە، لـە بنەڕەتـدا بنەماڵەکەیـان دەگەڕێنـەوە سـەر ئەردەڵانـەکان، لـە ١٥ی شـەعبانی سـاڵی ١٢٦٦ بەرامبـەر ساڵی١٨٥٠ لـە سلێمانی لـە دایك بـووە، خوێندنـی دەسـپێکی ئایینـی لـە مەکتـەب و لای مامۆسـتایانی تایبەتـی خوێنـدووە، زانسـتەکانی فیقهـی شـافیعی، سـەرف، نەحـوو، مەنتیـق، مەعانـی، ئـاداب، عیلمـی کـەلام، هەیئـەت، فەرائیـز، تەفسیری خوێنـدووە، لـە فارسیدا گولسـتان و بوسـتان و مخـزن الاسراری نیزامـی و دیوانـی حافـزی شـیرازی و یوسـف و زلێخا، لەگـەڵ ئەوەشـدا نزیکـەی پێنـج هـەزار پارچـە غـەزەل و قەسـیدەی نووسـیوە. عەرەبـی و فارسـی بـە قسـەکردن و نووسـین دەزانـێ. لـە سـەرەتای مانگـی شـەوالی سـاڵی ١٢٩٢ لـە تەمەنـی ٢٦ سـاڵیدا بـە موچـەی سێسـەد قـڕووش لـە نـاو سـنجاقی قـۆزان و لـە شـاری قـارس بۆتـە مامۆسـتا، لـە ٢٧ی ڕەبیعـی دووەمـی سـاڵی ١٢٩٤ سـەد قـڕووش لـە مووچەکـەی زیادکـراوە. لـە سـاڵی ١٢٩٧ مووچەکـەی بـۆ ٣٢٨ قـڕووش دابەزیـوە. لـە ٣ی ڕەبیعی دووەمی سـاڵی ١٣٠٠ دا وازی لـە مامۆسـتایەتی هێنـاوە و هـەر لـە قـۆزان بۆتـە فەرمانبـەری نفـووس. لـە ١٥ی ڕەبیعـی یەکەمـی سـاڵی ١٣٠١ی کۆچـی بـە موچـەی ٦٤٠ قـڕووش هـەر لـە هەمـان لیـوادا بۆتـە بـاش کاتـب. لـە ٢٦ی صەفـەری سـاڵی ١٣٠٢ی کۆچیـدا بـە موچـەی ١٢٠٠ قـڕووش قـەزای فەکـە بۆتـە فەرمانبـەر، هەروەهـا لـە ١٦ی موحەرەمـی سـاڵی ١٣٠٣ دا بـە موچـەی ١٧٥٠ گوێزراوەتـەوە بـۆ فەرمانبـەری اعشار لـە هەمـان لیـوادا. لـە ١٤ی جەمـادی دووەمـی سـاڵی ١٣١١ی کۆچـی بـە موچـەی ١٥٠٠ قـڕووش بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی تەحریراتـی سـەنجاقی بنغـازی دەگوێزرێتـەوە. ناوبـراو سـاڵی ١٣٢٠ بـۆ مێرسـین دەگوێزرێتـەوە و تـا سـاڵی ١٣٢٤یـش هـەر بـە بەڕێوەبـەری تەحریراتـی مێرسـین دەمێنێتـەوە. دواتـر بـۆ جەبـەل بـەرەکات دەگوێزرێتـەوە. لـە سـاڵی ١٣٣٦ کۆچـی دوایـی کـردووە. (DH.SAIDd.00021)

(١٠) عەلـی عیلمـی فانـی لـە ١٨٧٨/١١/٢٥ لـە قـەزای قادرلـی سـەر بـە ویلایەتـی عوسـمانییەی تورکیـا لەدایـك بـووە. لـە سـاڵی ١٨٩٣ مەکتەبـی ڕوشـدییەی لـە مـەڕەش بـە پلـەی یەکـەم تـەواو کـردووە. لـە سـاڵی ١٨٩٦ بـە پلـەی یەکـەم ئامادەیـی مولکییـەی لـە شـاری ئەدەنـە تـەواو کـردووە. لـە سـاڵی ١٨٩٧ دەبێتـە کارمەنـدی قەڵەمـی مەکتووبـی لـە ویلایەتـی ئەدەنـە. لـە سـاڵی ١٨٩٨ دەچێتـە نێـو ڕیـزی نووسـەرانی ڕۆژنامـەی "صیحانـە". لـە سـاڵی ١٨٩٩ لـە ئامادەیـی ئەدەنـە دەبێتـە مامۆسـتای زمانـی تورکی. لـە سـاڵی ١٩٠٢ دەبێتـە کارمەنـدی پشـکنینی مەعاریـف لـە سـەنجاقی جبـل البرکات/ عثمانیـە. لـە سـاڵی ١٩٠٣ پلـەی بەرزبۆتـەوە و بۆتـە ئەندامـی فەرمانگـەی حقوقـی دادگای ئیسـتیئناف. لـە سـاڵی ١٩٠٥ دەبێتـە وەکیلـی مامۆسـتای دار المعلمـین. هـەر لـە هەمـان سـاڵدا دەبێتـە بەڕێوەبـەری چاپخانـە و سەرنووسـەری ڕۆژنامەی صیحـان. سـاڵێك دواتـر دەبێتـە کاتبـی تەحریـرات لـە سـەنجاقی عوسـمانییە. لـە سـاڵی ١٩٠٨ لەبـەر ڕاگەیاندنـی مەشرووتییـەت وازی لـە کاری فەرمانبەرێتـی هێنـاوە و ژمـارەی یەکەمـی ڕۆژنامـەی "رهـبر اعتـدال" ی لـە ١٩٠٨/١١/٣ دەرکـردووە و خـۆی بۆتـە خـاوەن ئیمتیـاز و سەرنووسـەری و چـوار ژمـارەی لـێ چـاپ کـردووە. لـە ١٩٠٨/٩/١٢ دا سـەروەختی مەشرووتییەتـی دووەم عەلـی عیلمـی سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی تجـدد و انـادول و فـردا-ش بـووە. لـە سـاڵی ١٩١٢ دەبێتـە ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنـەران. سـاڵی ١٩١٥ کۆتـا سـاڵی فەرمانبەرێتـی ئـەو بـووە و ئـەو کاتـە کاتبـی تەحریراتـی شـاری بۆلـۆ بـووە. لـە سـاڵی ١٩١٨ بۆتـە ئەندامـی کۆمەڵـەی تەعالیـی کوردسـتان. ناوبـراو ٢٣ یەمیـن کـەس بـووە لـە ریـزی ئـەو ١٥٠ کەسـەی بـە فەرمانـی مستەفا کەمالـی سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٢٤ دوور خرابوونـەوە. لـە سـاڵی ١٩٢٦ لـە شـام ماوەتـەوە. لـە سـاڵی ١٩٢٨ بـە گوێـرەی ڕاپۆرتێکـی ئینگلیـزەکان نـاوی عەلـی عیلمـی لـە لیسـتی ئـەو ناوانـەدا بـووە کـە پشـتیوانیان لـە کۆمەڵـەی خۆیبـوون کـردووە. سـاڵی ١٩٢٩ دەبێتـە مامۆسـتای ئەدەبیـات لـە ئامادەیـی شـاری ئەنتاکیا. سـاڵی ١٩٣٤ سـەردانی ڕوانـدزی کـردووە. لـە ١٩٣٨/٧/٢٧ بـەر لێبـوردن کەوتـووە و گەڕاوەتـەوە شـاری قادرلـی. لـە ١٩٦٤/٨/٢٥ لـە شـاری قادرلـی کۆچـی دوایـی کـردووە (veroj, 2020, 19).

(١١) دیـارە شـیعرەکە کـە بـە تورکـی نـووسراوە هەڵـەی تێکەوتـووە، لەبـەر ئەمانەتـی زانسـتیی وەکـو خۆیـمان نووسـیەوە.

(١٢) لـە سـاڵی ١٨٨٩ لـە قـەزای قەدرلیـی ئادەنـەی تورکیـا لەدایـك بـووە، ئەندامـی کۆمەڵـەی تەڵەبـەی هێڤـی بـووە. لـە سـاڵی ١٩١٩ بۆتـە موتەسـەریفی جبـل البرکات (عثمانیـة). لـە سـاڵی ١٩٢٤ نـاوی ٢٧ەمیـن کـەس بـووە لـە لیسـتی ١٥٠ کەسـە دوورخراوەکانـدا و نـاوی بـە فانیـزادە مەسـعوود موتەسـەریفی کۆنـی جبـل البرکات هاتـووە. سـاڵی ١٩٢٩ بـۆ خوێندنـی دکتـۆرا دەچێتـە فەڕەنسـا، ئـەو کاتـەی لـە فەڕەنسـا خوێندوویەتـی نامەیەکـی کـراوە بـۆ زەینەلعابیـدن بـەگ دەنێـرێ و نامەکـە لـە گۆڤـاری زاری کرمانجـی لـە ڕوانـدز چـاپ و بـڵاو دەبێتـەوە. سـاڵی ١٩٣٣ دکتـۆرا لـە زانکـۆی سـۆربۆن تـەواو دەکات و

تێـزی دکتۆراکـەی دەربـارەی نەتـەوەی کـورد و تەواوکاریـی سۆسـیال بـووە، تێزەکـەی لـە هەمـان سـاڵدا بـە فەڕەنسـی چـاپ دەکرێ. لـە سـاڵی ١٩٣٣ دەگەڕێتـەوە سـوریا و دواتـر دەچێتـە ئەنتاکیـا. سـاڵی ١٩٣٥ لـە ڕۆژنامـەی اللـواء لـە ئەنتاکیـا نووسـینی بڵاودەکاتـەوە. لـە سـاڵی ١٩٣٨ دا کتێبـی ژیانـی فەلسـەفی ئەتاتـورك بـڵاو دەکاتـەوە. لـە ١٩٧٩/١١/١٥ لـە ئەسـتەنبوڵ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆرسـتانی زەنجیرلـی کویـو ئەسـپەردەی خـاك کـراوە (veroj, 2020, 24) .

(١٣) زەینەلعابیدیـن فانـی (عیرفانـی) لـە سـاڵی ١٨٨٤ لەدایـك بـووە. لـە سـاڵی ١٩١١ بۆتـە ئەندامـی پارتـی حورپیـەت و ئیئتیـلاف. سـاڵی ١٩٢٠ چۆتـە نێـو جەمعییەتـی (ج، ت، ك) و ئـەو ئاڵایـەی کـە لەسـەر ناسـنامەی جەمعییەتـەوە دروسـت کـراوە ئـەو دروسـتی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٢٢ لـە ئەسـتەنبوڵ دوور دەکەوێتـەوە. لـە سـاڵی ١٩٢٤ دا ٣٧ـەمین نـاو بـووە لـە لیسـتی ١٥٠ کەسـە دوورخراوەکانـدا. لـە سـاڵی ١٩٢٦ سـەردانی ڕوانـدز دەکات و سـاڵێك دواتـر لەگـەڵ سـەیید تەهـای نەهـری سـەردانی ئێـران دەکـەن. سـاڵی ١٩٣٠ لـە کەرکـووك دەبێتـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـە. بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی ئاسایشـی تورکیـا ئـەو لـە سـاڵی ١٩٣٠ لـە ڕوانـدزێ بـووە. تـا سـاڵی ١٩٤٠یـش ئـەو کاتبـی تەحریـری داقـووق بـووە. بـەڵام تـا ئێسـتا شـوێن و سـاڵی کۆچـی دوایـی نەزانـراوە (Veroj, ٢٠٢٠, ١٩).

(١٤) محەمـەد سـاڵح بەدرخـان یـان سـاڵح عەونـی بەدرخـان (١٨٧٤یـان ١٨٧٥-١٩١٥) لـە شـاری لازقییـەی سـووریا لەدایـك بـووە و هـەر لـەوێ سـەرەتایی خوێنـدووە و بـۆ خوێندنـی ناوەنـدی هاتۆتـە ئەسـتەنبوڵ و لـە شـام کۆتایـی پـێ هێنـاوە، هـەر لـە شـام دەسـتی بـە خوێندنـی ئامادەیـی سـەربازیی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٠٠ لـە قاهیـرە ڕۆژنامەیەکـی بەنـاوی ئومێـد چـاپ کـردووە، هەرچەنـدە ڕۆژنامەکـە بـە زمانـی کوردی نەبـووە، بـەڵام دوای ڕۆژنامـەی کوردسـتان ئەمـە دەبێتـە دووەم ڕۆژنامـە کـە لەلایـەن کوردانـەوە بـڵاو کراوەتـەوە. لەبـەر ئـەوەی ناوبـراو دژی سیاسـەتەکانی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم بـووە، زۆر جـاران دوور خراوەتـەوە. دوای مەشرووتییەتـی دووەم گەڕاوەتـەوە ئەسـتەنبوڵ و لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان کـە لەلایـەن سـورەییا بەدرخانـەوە چـاپ دەکـرا نووسـینی بـە کـوردی و تورکـی بـڵاو کردۆتـەوە. لـە گۆڤـاری ڕۆژی کورد-یـش نووسـیویەتی، لەبـەر ناوەڕۆکـی نووسـینەکانی زۆر جـاران دژایەتـی کـراوە و وا پێدەچـێ هـەر بـەو هۆیـەوە بـۆ شـاری قەیسـەری دوور خرابێتـەوە و سـەرەنجام لـەو شـارەدا و لـە سـاڵی ١٩١٥ کۆچـی دوایـی کـردووە. بڕوانـە: (Rojî kurd, 2013, 76)

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


زاری کرمانجـی، گۆڤـار (١٩٢٩)، قاقەزێکـی کـراوە بـۆ زیـن العابدیـن بـگ، ، سـالی چـوارەم، ژمـارە ٢٠.

احمـد، هیمـن عمـر (٢٠٢٣)، کەیفـی؛ ژیـان و بەرهەمـی لـە ئەرشـیفی عوسـمانیدا، مجلـة بحـوث اللغـات، العـدد٣، المجلـد٦، ص ٢٨٤-٢٩٠.

بانگـی کـورد، گۆڤـار (١٣٣٢)، دیـوان شـاعر شـهر حـضرت نالـی، ژ ١، ١٢ ربیـع الاول .

بدرخـان، صالـح (١٣٣١أ)، بـەری شیری قەڵـەم، سـالح بدرخـان، گۆڤـاری ڕۆژی کـورد، ژمـارە ٣.

بنـی آردلانـی ا. م، (١٩١٣)، خفـتن بسـە لـمە زیاتـر، گۆڤـاری هەتـاوی کـورد، ژمـارە ١، ٢٣ی زولقەعیـدەی ١٣٣١ك، ، رسـملی کتـاب مطبعسـی، اسـطنبول.

حەسـەن، مەولـوود ئیبراهیـم (٢٠١٢)، ئایا .. حاجـی قـادری کۆیـی نالـی شـارەزووری دیـوە؟، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە ٢٣. هەولێـر.

حەمەبـۆر، محەمـەد مسـتەفا (٢٠١٠)، دیوانـی کـوردی، بەرگـی یەکـەم، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر.

خۆدزکـۆ، ئەلیکسـاندەر (٢٠٠٥)، چەنـد لێکۆڵینەوەیەکـی فیلۆلـۆژی دەربـارەی زمانـی کـوردی (دیالێکتـی سـلێمانی)، وەرگێڕانـی نەجاتـی عەبدوڵـڵا، بڵاوکـراوەی بنکـەی ژیـن، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی .

ژین، گۆڤار (١٣٣٥ب) ژمارە (٢٥)، ٢ تشرین اول .

شـاکەلی، فەرهـاد (٢٠١١)، زمانـی کـوردی لـە ئاسـتانەی سـەردەمێکی تـازەدا، ئـاراس، هەولێـر.

عەبدوڵـڵا، نەجاتـی (٢٠٢٢)، گـەڕان بـەدوای مـرواری مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـی کـورد، ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر.

قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠٠٨)، دیوانی کاتب، ئاراس، هەولێر.

کوردستان، گۆڤار (١٣٣٥)، أدبیات، ژمارە ١٦،٢٧ تشرین ثانی.

لطیف، قاضی (١٣٣٤)، غزل، گۆڤاری ژین، عدد (٧)، ٢ کانون ثانی.

محەمـەد، مەسـعوود (٢٠٠٧)، چەپکێـك لـە گوڵـزاری نالـی، چاپـی دووەم، ئـاراس، هەولێـر.

مـدرس و عبدالکریـم، مـەلا عبدالکریـم و فاتـح (١٩٧٦)، دیوانـی نالـی، کـۆڕی زانیاریـی کـورد، بەغـدا.

ئەحمـەد، هێمـن عومـەر (٢٠٢١)، لەبـارەی کاتـب و خاکیـی شـاعیرەوە چەنـد زانیارییەکـی تـازە لـە ئەرشـیڤی عوسـمانیدا، ، گۆڤـاری کوردینامـە، ژمـارە ٤.

Ahmad, H. O. (2017). Nalî Di Belgenameyên ‘Usmanî Da . Bingöl Üniversitesi YaŞayan Diller Enstitüsü Dergisi , 3 (5) , 45-74

Rojî kurd, Govar (2013), Amamdekar koma xebatên kurdolojiyê weŞanên En-

stîtuya Kurdî ya Stenbolê. çapxana Bedran stenbol.

Veroj, Seîd (2020), Sê Bira û Sê Sirgûnên Peymana Lozanê: Elî Îlmî, Zeynelabidîn û Mesûd Fanîzade. Govarî jîn, jimare 11. Silêmanî.s.5-33.

**بە زمانی تورکی:**

اویـان، دیاربکرلـی م. ن، (١٣٣٢)، گۆڤـاری هەتـاوی کـورد، ژمـارە ٤، ٥ جـمادی الاول، اسـطنبول.

بدرخـان، صالـح (١٣٣١ب)، کلچـدن اول قلـم، سـالح بدرخـان، گۆڤـاری رۆژی کـورد، ژمـارە ٣، ١١ رمضـان سـنە ١٣٣١، ل ٨.

هەتـاوی کـورد، گۆڤـار (١٩١٣)، کردگنجلمـرزدن بـر تمنـی، ژمـارە ١، ٢٣ی زولقەعیـدەی ١٣٣١ك، رسـملی کتـاب مطبعسـی، اسـطنبول.

ژیـن، گۆڤـار (١٣٣٥أ) ، کـورد طلبـە هیـوی جمعیتـی بیاننامەسـی، گۆڤـاری ژیـن، ژمـارە (٢٢)، ٢ تمـوز.

الفضلـی، شـکری (١٣٢٩)، ادبیـات اکـرادە بـر نظـر، بانگـی کـورد، ژ ٢، ١٥ شـباط .

فـوزی، هیزانیـزادە کـمال (١٣٣٧)، کردسـتان مجموعسـی مناسـبتیلە، گۆڤـاری کوردسـتان، ژمـارە ٣، ٢٥.

فیضـی بـگ، أمیـن (١٣٣٧)، بدبخـت کوردسـتان ٢، گۆڤـاری کوردسـتان، ژمـارە ١١، ٢٠ی ذی الحجـە.

فیضـی، امیـن (١٣٣٥)، بابـان کوردلرنـدە قابلیـت حربیـە و (نالـی)دن بـر پارچـە، گۆڤـاری ژیـن، ژمـارە (٢٣).

م. م، (١٣٢٤)، ادبیـات کردیـەدن بعـض نمونەلـر، ژیـن، عـدد ٢، ١٤ تشریـن ثانـی .

ملیـح، عـزت (١٣٣٧)، ایلـری (آتـی) غزتەسـنە، گۆڤـاری کوردسـتان، ژمـارە ٣، ٢٥ جـمادی الاول .

مهـری، محمـد (١٣٣٦)، مقدمـة العرفـان، مطبعـە نجـم اسـتقبال، ١٣٣٦ هجـری، اسـتانبول.

مهـری، محمـد (١٣٣٧)، مزایـا واسـتعداد فطریمـز، گۆڤـاری کوردسـتان، ، ژمـارە ٣، ٢٥ جـمادی الاولـی.

ناجـم، عبدالرحمـن، (١٢٩٨)، بریطانیـا قنسلوسـنە جـواب، ترجـمان حقیقـت، عـدد ٩٩٢، ٥ ذی القعـدة.

Bardak, Musa(2020) Son Dönem Osmanlı Eğitimci-Bürokratı Ahmed Kemal Paşa'nın Hayatı, Uluslararası Sosyal ve Eğitim Bilimleri Dergisi, Cilt 7, Sayı 13.

Çavdar Karatepe, Tuba(1995) Esad Efendi Kütüphanesi- Sahaflar Şeyhizâde Esad Efendi tarafından İstanbul'da kurulan kütüphane-, TDV İslâm Ansiklopedisi, 11. cild , İstanbul.

Uçman, Abdullah (2012), uçman Bir 150'liğin Mektupları Ali İlmî Fanî'den Rıza Tevfik Mektuplar. Kitabevi, 2. Baskı, İstanbul, 2012.

YILMAZER, ZİYA(1995), ESAD EFENDİ, Sahaflar Şeyhizâde (1789-1848) Osmanlı vak'anüvisi ve Takvîm-i Vekāyi' nâzırı, TDV İslâm Ansiklopedisi, 11. cildi , İstanbul

**بە زمانی عەرەبی:**

بروسـەلی، محمـد طاهـر (١٣٣٣ه)، عثمانلـی مؤلفلـری، مطبعـە عامـرە، اسـتانبول.

البغـدادی، اسـماعیل باشـا البابانـی (؟)، ایضـاح المکنـون، فـی الذیـل علـی کشـف الظنـون عـن اسـامی الکتـب والفنـون، دار احیـاء الـتراث العربـی، بیـروت، لبنان.

زکـی بـگ، امیـن (٢٠١٠)، مشـاهیر الکـرد وکردسـتان فـی العهـد الاسـلامی، امیـن زکـی بـگ، الجـزء الاول، ترجمتـە الـی العربیـة السـیدة کریمتـە. بنکـەی ژیـن، السـلیمانیة.

**بە زمانی فارسی:**

کیهـان فرهنگـی، نشریـە (١٣٦٥)، اسـتاد سـید طاهـر هاشـمی و چشـم انـدازی بـە فرهنـگ کـرد، شـمارە ٢٦، اردیبهشـت. تهـران.

**دەستخەت:**

کەشکۆڵی شیعری کوردی، کتێبخانەی بەرلین: Ms. or. oct. ١٢١٢

گاوان، محمـود بـن محمـد الگیـلانی المعـروف بخواجـە عـماد الدیـن، مناظـر الانشـاء، تقدیـم وشرح الأبیـات العربیـة الـی الفارسـیة الملا خـضر النـالي الشـهرزوري، کتێبخانـەی زانکـۆی ئەسـتەنبوڵ، ژمـارە ٦٦.

نالـی، دیـوان (دەسـتخەت)، ئەرشـیڤی کتێبخانـەی میللـەت، لـە بەشـی فارسـییەکان.

نوری، دیوان (دەستخەت)، کتێبخانەی سلیمانیە، ژمارە ٩٨٠

**سەرچاوەی کۆدی بەڵگەنامەکانی عوسمانی:**

A.}MKT.MHM.00009.00035.001

A.}MKT.MHM.00498.00074.003

A.}MKT.NZD.00046.00001.001

A.}MKT.UM..00436.00074.001

BOA835-37677 .

DH.SAIDd.00021

HAT.0471

HR.MKT.00043.00049.

İ..DH..00232

İ..DH.00133

İ..HR..00091

İ..MMS.0007

İ..MVL.00161.


İ..MVL.00219.

MK.AE.id.57.82

MVL.00297.0075.001

ŞD.000309.0000.085

TS_MA_E_0359_0024_001


İ. MVL 219/7356
İ.MVL.00219

نموونەی بەڵگەنامەیەک لەبارەی ئەحمەد پاشای بابان

## الملخص

الخفى والجلى حول حياة نالي العلمية والتربوية في إسطنبول

قلَّما نجد دراسات النقد الأدبي الكوردي تكشف عن حياة شعراء الكرد من خلال الوثائق. يُعدُّ نالي ( -١٨٧٧/١١/٢٣) أحد الشعراء البارزين في الشعر الكردي باللهجة الوسطى، وقد قضى أكثر من ثلاثين عامًا من حياته بعيدًا عن بلاده. وقد أمضى جزءًا من حياته في مدينة إسطنبول. وأشارت الدراسات السابقة فقط إلى أنه ذهب إلى إسطنبول، وتوفي هناك، ولم تقدم تلكم الدراسات أي تفاصيل عن حياته فيها. فى هذا الصدد تحاول هذه الدراسة المعنونة بـ "الخفى والجلى حول حياة نالي العلمية والتربوية في إسطنبول" أن تحدد بالتفصيل وقت رحلة نالي الأولى إلى إسطنبول، ومدة إقامته فيها، وعلاقاته مع المسؤولين العثمانيين، ونشاطاته العلمية. وعلاقاته بشخصيات وشعراء الكرد فى تلك المدينة، كما يسلط الضوء على انعكاس شخصية نالي في الصحافة العثمانية، ومكانته من منظور الشخصيات الكردية في العهد العثماني.


**كلمات مفتاحية:** نالي، مسؤولون عثمانيون، شخصيات كردية في إسطنبول


## Abstract

Darkness and Light of Nali's Academic and Educational Career in Istanbul

So far, Kurdish literary criticism has hardly revealed the roots of Kurdish poets' lives through archival documents. Nali (November 1877 ,23 AD died) is one of the leading poets of central Kurdish poetry who spent more than the last thirty years of his life away from his country. He spent part of his life in Istanbul. In the past, the research studies have only proposed that he went to Istanbul and died there; nevertheless, no specific details of his life in the city have been given. This study, titled (Darkness and Light of Nali's Academic and Educational Career in Istanbul,) has tried to determine in detail the time of Nali's first trip to Istanbul, the duration of his stay, his relationship with Ottoman officials, his scholastic and educational activities, and his associations with Kurdish poets and figures in the city. Moreover, the study describes specifically the reflection of Nali's personality in Ottoman journalism and from the perspective of Kurdish personalities of the Ottoman period.


**Keywords:** Istanbul, Kurdish personalities in Istanbul, Nali, Ottoman officials